پەرلەمانتاریێک: ڕێککەوتنی بەغدا و هەولێر لەسەر بودجە بۆ سێ ساڵ دەبێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5827) یەک شەممە 15ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، پێشنیازی ئەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ ڕێککەوتنێکی سێ ساڵە لەبارەی بودجە بۆ سێ ساڵ بکەن.

ئەحمەد سەفار، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاندووە، گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا لەبارەی پڕۆژەی بودجەی 2020 بەردەوامە و «لیژنەکان کۆ دەبنەوە».

لە بارەی ئامادەکردنی پڕۆژە بودجەی 2020یش ڕوونی کردەوە: ڕێککەوتن لەسەر پڕۆژە بودجەی 2020 بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت، ئەم بابەتەش پێشنیاز کراوە.

لە دوای کۆبوونەوەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان کە ڕۆژی پێنجشەممەی هەفتەی ڕابردوو ئەنجام درا، شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا باسی لەوە کردبوو، هەولێر و بەغدا لەبارەی پڕۆژەیاسای بودجەی 2020ڕێککەوتن دەکەن. ئەوەشی ڕوونکردبۆوە کە ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ و تا کۆتایی خولی ئێستای پەرلەمانی عێراق کاری پێ دەکرێت.

ئەمە لە کاتێک دایە کە لەم نزیکانەدا بڕیارە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق بکەن و چەند تەوەرێک تاوتوێ بکەن کە یەکێک لەو تەوەرانە، پرسی بودجەی 2020ی عێراق دەبێت.



سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات

دوێنێ شەممە 14ی9ی2019 سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەبۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی وەک ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، پیرۆزبایی لە عومەری سەید عەلی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. هەر لەو پەیوەندییەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی لە ڕێکخەری گشتیی کرد.

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا کاریگەری لەسەر بوودجە دەبێت

وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە، ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر پرسی نەوت کاریگەری لەسەر بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق دەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عومەری سەید عەلی جارێکی دیکە بە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان هەڵبژێردرایەوە

دوێنێ شەممە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێکخەری گشتیی حزبەکە و سکرتێری جڤاتی نیشتمانی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنیان هەڵبژاردەوە، لەم هەڵبژاردنەش عومەر سەید عەلی جارێکی تر پۆستی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانی وەرگرتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لایەنە کوردییەکانی کەرکووک کێشەکانیان دەبەنە لای نەتەوە یەکگرتووەکان

حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک کێشە هەڵواسراوەکانی پارێزگاکە دەبەنە لای نەتەوە یەکگرتووەکان و داوا دەکەن لەبارەی چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک ڕۆڵیان هەبێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**




کۆشکی سپی کۆژرانی هەمزە بن لادنی ڕاگەیاند

کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە هەمزە بن لادنی کوڕی سەرۆکی پێشووی ئەلقاعیدە، ئوسامە بن لادن لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە ناوچەی سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان کوژراوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئەندامێکی لیستی برایەتی: بە سەربەرزییەوە نەبێ ناگەڕێینەوە کەرکووک

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، «بە سەربەرزی نەبێ ناگەڕێینەوە کەرکووک» و بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەن ناکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



عێراق.. ئوسامە نوجێفی بەرەی «ڕزگارکردن و گەشەپێدان»ی ڕاگەیاند

بە ئامانجی خۆڕێکخستنەوەی سوننەکان سەرۆکی هاوپەیمانی "قرار" لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئوسامە نوجێفی بەرێکی نوێی بەناوی "بەرەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان"ی ڕاگەیاند. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

46پەرلەمانتاری ئەوروپا پەیامێکی توند لەبارەی قەیومەکان ئاراستەی ئەردۆغان دەکەن



K24/ لە نامەیەکدا 46 پەرلەمانتاری ئەوروپا دانانی قەیوم لە شوێنی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە لە شارەکانی باکووری کوردستان شەرمەزار دەکەن و ڕایدەگەیەنن، ئەم هەنگاوەی ئەنقەرە پێشێلکارییە بەرامبەر مافی دەنگەران. ئەو 46پەرلەمانتارەی ئەوروپا نامەیەکیان ئاراستەی ڕەجەب تەیب ئەردوغان، سەرۆک کۆماری تورکیا کرد و ڕایانگەیاند، لابردنی سەرۆک شارەوانییەکانی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە"ی دیاربەکر، وان و مێردین و دانانی قەیوم لە شوێنی ئەوان پێشێلکارییە بەرامبەر مافی دەنگەرانی ئەو شارانە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا متمانەیان بە سەرۆک شارەوانییەکان دابوو. ئامارژەییان بەوەش داوە، دەنگدان ڕێبازی دیموکراسییە و نابێت ئەو سەرۆک شارەوانیانەی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون، لە کارەکانیان دووربخرێنەوە. پەرلەمانتارانی ئەوروپا داواشیان لە ئەردۆغان کرد، ئەو ستەمکارییە بوەستێنێت، کە بەرامبەر بە هەدەپە و جەهەپە دەکرێت.

دیندار زێباری: لە شەڕی داعش نزیکەی 12 هەزار پێشمەرگە بریندار بوون

لە ڕۆژانی 10-2019/9/11 خولی بیست و دووەمی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی کەم ئەندامان "CRPD" لە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێڤ بەسترا، بە بەشداری شاندێکی هەرێمی کوردستان گفتوگۆکانی ڕاپۆرتی سەرەتایی عێراق تایبەت بە ڕێکەوتننامەی مافی کەمئەندامان. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

هەولێر... پێشانگایەکی تایبەت بە وەبەرهێنان و خانووبەرە دەکرێتەوە

بەڕێوەبەری فرۆشتن لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بەشی وەبەرهێنان و خانووبەرە ڕایدەگەیەنێت، لە ژێر چاودێریی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، پێشانگایەکی تایبەت بە وەبەرهێنان و خانووبەرە لە هەولێر دەکرێتەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

دۆناڵد ترەمپ:

بۆڵتن ڕێگریی لەمن دەکرد

سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ، لەبارەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی، جۆن بۆڵتنەوە کە لە ئەرکەکەی دووری خستووەتەوە ڕایگەیاند، ئەو ڕێگریی لەمن دەکرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**





ئەحمەد داوود ئۆغلۆ و شەش ئەندامی دیکەی باڵا وازهێنانیان لە ئاکەپە ڕاگەیاند

سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا بە فەرمی هاتنە دەرەوەی لە پارتی ئاکەپەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕاگەیاند و دەڵێت بە نیازە پارتێکی نوێ دابمەزرێنێت. ئەحمەد داوودئۆغلۆ ڕۆژی هەینی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ئەنکەرە گوتی ڕایگەیاند: لەو پارتییە دێمە دەرێ کە بە شانازییەوە تیایدا خزمەتم کردبوو و بۆ چەندان ساڵ هەوڵی زۆرم بۆی دابوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا دەکات

ڕۆژی پێنجشەمە 12ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا کرد کە پێکهاتبوو، لە کامیران حاجۆ بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەن و، ئیبراهیم برۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا. لە دیدارەکەدا دواپێن پێشهاتە سیاسییەکانی سووریا و هەڵوێستی ولاتان لەمەڕ قەیرانی سووریا و هاوکێشە مەیدانی و سیاسییە هەنووکەییەکان لەسەر ئاستی سووریا و ناوچەکە تاوتوێ کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیە ڕۆشنایی خرایە سەر هەڵوێستی لایەنە کوردییەکانی سووریا و پەیوەست بە ڕەوشی گشتیی سووریا و ئاییندەی گەلی کورد لەو ولاتە، سەرۆک بارزانی بۆچوون و ئامۆژگارییەکانی خۆی بۆ شاندی میوان خستەڕوو.



نێچیرڤان بارزانی: عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستییان بە وەبەرهێنانی بیانییە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە هاتنی سەرمایە و وەبەرهێنانی بیانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە و هاندان و ڕێخۆشکردن و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنانی بیانی و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری بۆ کەرتی تایبەت لەم قۆناغە و قۆناغەکانی داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بە پێویستییەکی لەپێشینە زانی. لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز د. نووری سەباح ئەلدلێمی وەزیری پلاندانی عێراق، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوە دا کە پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری لە عێراق و هەرێمی کوردستان و داهاتوویەکی باشتری دۆخی ئابووری لە ولات، پێویستی بە سیاسەت و ڕێکخستنەوە و پلان و بەرنامەیەکی باشتری بەڕێوەبردن و کارگێڕیی دارایی و هەڵنانی هەنگاوی کاراتر هەیە.

لە دیدارەکەدا کە ڕۆژی پێنجشەمە 2019/9/12 لە هەولێر بەڕێوە چوو، هەردوولا هەنگاوەکان و ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە نێودەوڵەتییەکانیان لەم پرۆسەیەدا، تاوتوێ کرد.

ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی داهاتووی 2020 و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی تیرۆر، بەتایبەتی پارێزگای مووسڵ و ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا لەمبارەیەوە نراون، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوون.

مەکتەبی سیاسیی پارتی پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی هەڵبژاردنی عومەری سەید عەلی بە ڕێکخەری گشتی و هەڵبژاردنی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزان ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بۆ بەڕێزان کاک عومەری سەید عەلی ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان

بە بۆنەی هەڵبژاردنەوت بە ڕێکخەری گشتی و بەدەستهێنانەوەی متمانەی بزووتنەوەی گۆڕان پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەین. هاوکات پیرۆزبایی گەرم لە بەڕێزان ئەندامانی هەڵبژێردراوی خانەی ڕاپەڕاندن دەکەین و هیوادارین لە ئەرکەکانیاندا سەرفراز بن.

هیواخوازین سەرکەوتنتان لەم پرۆسە دیموکراتییەدا و نوێکردنەوەی متمانە بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەکەتان، ببێتە مایەی پتەوتربوونی ریزەکانتان و گوڕوتینی زیاتر بە خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی گۆڕان.

لەم بۆنەیەدا جارێکی دیکە تەئکید لەسەر پەیوەندی دۆستانە و هاوخەباتی و پابەندیمان بە ڕێککەوتنەکانی نێوانمان دەکەینەوە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان.

ئومێدەوارین پێکەوەییمان لە حکوومەت و لێککەیشتنی سیاسی نێوانمان هاوشان لەگەڵ کۆی حزبە تێکۆشەرەکانی دیکە، هەمیشە مایەی سەقامگیریی سیاسی و سوود و قازانج بێت بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان. جارێکی تر پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەین و هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
14ی9ی2019


عومەری سەید عەلی جارێکی دیکە بە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان هەڵبژێردرایەوە



دوێنێ شەمە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێکخەری گشتیی حزبەکە و سکرتێری جڤاتی نیشتمانی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنیان هەڵبژاردەوە، لەم هەڵبژاردنەش عومەر سەید عەلی جارێکی تر پۆستی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانی وەرگرتەوە.

لە هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتیی، عومەری سەید عەلی بە بەدەستهێنانی 28 دەنگ لەهەمبەر 12 دەنگی ڕکابەرەکەی، شۆڕش حاجی ، وەک ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبژێردرایەوە. دواتر دەنگدان بۆ ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن بەڕێوەچوو ، عەدنان عوسمان، وەک سکرتێری جڤاتی نیشتمانی هەڵبژێردرا. بۆ خانەی ڕاپەڕاندنیش جەلال جەوهەر بۆ سکرتێری کاروباری فراکسیۆنەکان، دەرباز محەمەد بۆ سکرتێری کاروباری ژووڕەکان، شەماڵ عەبدولوەفا بۆ سکرتێری کاروباری باژێڕەکان، برزۆ مەجید بۆ سکرتێری کاروباری خەڵک هەڵبژێردران و بوونە ئەندامی نوێی خانەی ڕاپەڕاندن. ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردووش هەڵبژاردن بۆ سکرتێری جڤاتی گشتیی کراو جەمال حاجی محەمەد وەک سکرتێری جڤات هەڵبژێردرا و دەبێتە ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن.

عێراق.. ئوسامە نوجێفی بەڕەی «ڕزگارکردن و گەشەپێدان»ی ڕاگەیاند



بە ئامانجی خۆڕێکخستنەوەی سوننەکان سەرۆکی هاوپەیمانی "قرار" لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئوسامە نوجێفی بەڕێکی نوێی بەناوی "بەڕەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان"ی ڕاگەیاند. نووسینگەی ئوسامە نوجێفی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوە کردووە، ئوسامە نوجێفی لە کۆبوونەوەیەکدا کە ژمارەیەک سیاسەتمەدار، سەرۆکهۆزەکان، بازرگانان، گەنجان و ڕۆشنبیرانی پارێزگای نەینەوا تیادا ئامادەبوون ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی "بەڕەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان" لەگەڵ لایەنە سوننەکانی دیکەی پارێزگاکانی عێراق بە دێکی تەواوی سیاسی یەک دەگرن و هەوڵی ڕێکخستنەوە و ئەنجامدانی چاکسازی دەدەن.

سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی و پێکهاتەی "بەڕەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان" ئوسامە نوجێفی ئاماژەی بەوە کرد کە بەڕەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان" لە سێ دەستەی سەرۆکایەتی پێکهاتووە کە ئەوانیش ، دەستەی جێبەجێکار، دەستەی سیاسی و دەستەکانی پارێزگاکان، نووسینگەکان و لیژنەکان کە ژمارەیەک پارت و کەسایەتی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت.

هەر لەو بارەیەوە ئوسامە نوجێفی جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە ئامانجی بەڕە نوێیەکەیان، ئەوەیە واقعی ئێستای پارێزگا سوننەنشینەکان بگۆڕن، چونکە وەک خۆی گوتی: ڕەوشی ئێستای پارێزگا سوننەنشینەکان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ میژوو و شارستانییەتی ولاتێکی وەک عێراق ناگونجێت و پێویستە گەشەیان پێ بدرێت.

هەر لەو بارەیەوە ئوسامە نوجێفی گوتوویەتی: پێویستە کۆمەڵگا ڕزگار بکەین و بەڕەو خواستی ڕاستەقینەی بەبەین و ڕەوشی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا بۆ باشکردن بگۆڕێن، بەدەر لەوەش پێویستە گفتوگۆی جددی و ڕاستەقینە هەبێت بۆ سەرخستنی پڕۆسەی سیاسی لە عێراق.

وەزیری نەوتی عێراق:

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا کاریگەری لەسەر بوودجە دەبێت



وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە، ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر پرسی نەوت کاریگەری لەسەر بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق دەبێت. دوێنێ شەمە سامر غەزبان وەزیری نەوتی عێراق لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ڕادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت بە حکوومەتی عێراق بەردەوامە و چاوەڕوانی وەڵامی ئەرێنی هەرێمی کوردستانین.

وەزیری نەوتی عێراق ڕاشیگەیاند: ڕێککەوتنی نەوتی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کاریگەری لەسەر بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق دەبێت. سامر غەزبان ئەوەشی خستەڕوو: لە بوودجەی ساڵی 2020ی عێراق نرخی بەرمیلێک نەوت بە 50 دۆلار خەملێندراوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتیی گۆڕان دەکات





بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێز عومەر سەید عەلی کرد کە دووبارە بە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبژێردرایەوە و هیوای سەرکەوتنی لە کار و ئەرکەکانیدا بۆ خواست.

ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/9/14 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز عومەر سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، وێڕای پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشحاڵی بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەڕێزیان بە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، دووپاتی کردەوە بەڕێز عومەری سەید عەلی بە مێژووی خەبات و تێکۆشان و بە ئامادەیی و کەسایەتیی خۆی، شایەنی دووبارە هەڵبژاردنەوەی بوو.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی لە بزووتنەوەی گۆڕان و تیمی تازەی سەرکرایەتیی بزووتنەوەکە کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خۆیان و بزووتنەوەی گۆڕان خواست.

لای خۆیەوە بەڕێز عومەری سەید عەلی پێزانینی خۆی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی و سوپاسی کرد.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پیرۆزبایی لە عومەری سەید عەلی کرد بە بۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی بە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان.

ئێوارەی دوێنێ شەممە 2019/9/14 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان عومەری سەید عەلی کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنەوەی بە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا، سەرۆکی حکوومەت پیرۆزبایی لە ڕێکخەری گشتی و بزووتنەوەی گۆڕان کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و گوتیشی هیوادارین تەبایی و هەماهەنگی و یەکڕیزی نێوان لایەنەکان بەردەوام بێت لە پێناو خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان.

عومەری سەید عەلی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی کرد و پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕانیشی دووپات کردەوە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.



ئەندامێکی لیستی برایەتی: بە سەربەرزییەوە نەبێ ناگەڕێینەوە کەرکووک



ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک رایدەگەیەنێت، «بە سەربەرزی نەبێ ناگەڕێینەوە کەرکووک» و بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ناکەن.

ڕۆژانی سێشەممە بۆ کۆبوونەوەکە نەکرا. زۆرینەی ئەندامانی لیستی برایەتی، کە تورکمان و عەرەبیشیان تێدایە، بەهۆی داگیرکردنی شارەکەیان لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە ئاوارەی هەولێر بوون و ناگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان.

کامەران کەرکووکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، لەم بارودۆخەی ئێستای کەرکووک جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا لە کەرکووک ئەستەمە. کامەران کەرکووکی هەروەها ڕایگەیاندووە، کە ئەوان ''بە سەربەرزییەوە نەبێ ناگەڕێنەوە کەرکووک.

کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دیاری کراوە و هەفتەی ڕابردووش هەوڵێک هەبوو بۆ کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنەکە، بەڵام جارێکی تر بەهۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی ئامادەبووان، نەکرا.

لایەنە کوردییەکانی کەرکووک کێشەکانیان دەبەنە لای نەتەوە یەکگرتووەکان

حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک کێشەی هەڵواسراوەکانی پارێزگاکە دەبەنە لای نەتەوە یەکگرتووەکان و داوا دەکەن لەبارەی چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک ڕۆڵیان هەبێت.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، حەسەن شێخانی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەندامی شاندی حزبە کوردستانییەکان، ناوەڕۆکی سەردانەکەیانی بۆ لای نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکراکردووە و ئاماژەی بەوەکردووە کە دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک و هەوڵدانی عێراق بۆ تەعریبکردنەوەی کەرکووک، لەگەڵ کەموکوڕی یاسای هەڵبژاردن و نیگەرانییەکانی کوردیان لە سەرژمێری گەیاندووتە نەتەوە یەکگرتووەکان. گوتیشیەتی: بە نەتەوە یەکگرتووەکانمان گوتووە: کەرکووک حاکمی سەربازی بەڕێوەی دەبات، بۆیە پێویستە شارەکە بە تەوافق بەڕێوەببرێت و ئەنجوومەنی پارێزگاش کارا بکرێتەوە.

بەپێی گوتەی بەرپرسی مەڵبەندی کەرکووکی بزووتنەوەی ئیسلامی، نووسینگەی کەرکووکی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵێنیان پێداون نیگەرانییەکانی کورد بۆ سەرووی خۆیان بەرز بکەنەوە، ڕوونیشیکردەوە، نەتەوە یەکگرتووەکانیان تێگەیاندووە لەوەی هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە لە ئارادایە، گوتی: تێمانگەیاندن کە ناوچە سوننەنیشینەکان بە شیعە دەکرێن، هەروەها ناوچە کوردستانییەکانیش تەعریب دەکرێن.

ئەحمەد داوود ئۆغڵۆ و شەش ئەندامی دیکەی باڵا وازهێنانیان لە ئاکەپە ڕاگەیاند

دەنگی ئەمەریکا:

سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا بە فەرمی هاتنە دەرەوەی لە پارتی ئاکەپەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕاگەیاند و دەڵێت بە نیازە پارتێکی نوێ دابمەزرێنێت.

ئەحمەد داوودئۆغڵۆ ڕۆژی هەینی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە ئەنکەرە ڕایگەیاند: لەو پارتییە دێمە دەرێ کە بە شانازییەوە تیایدا خزمەتم کردبوو و بۆ چەندان ساڵ هەوڵی زۆرم بۆی دابوو.

داوودئۆغڵۆ گوتیشی: بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لەسەر شانە و هەروەها ئەرکی سەر شانمانە بەرامبەر بە میللەتەکەمان کە پارتێکی نوێ دابمەزرێنین.

سەرەتای ئەم مانگە کۆمیتەی جێبەجێکاری ئاکەپە بڕیاری دا لێپێچینەوە لەگەڵ داوود ئۆغڵۆ ئەنجام بدرێت تاوەکو لە ئاکەپە دەری بکەن.

داوودئۆغڵۆ لەم بارەیەوە گوتی: ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی ئاکەپە زۆر مەترسیدارە و لەگەڵ بنەماکانی دامەزراندنی ئاکەپە ناگونجێت.

جێی باسە هاوکات لەگەڵ ئەحمەد داوودئۆغڵۆ، شەش ئەندامی دیکەی باڵای ئاکەپە بڕیاری دا لێپێچینەوە لەگەڵ داوود ئۆغڵۆ ئەنجام بدرێت تاوەکو لە ئاکەپە دەری بکەن.

دۆنالد ترەمپ: بۆڵتن ڕێگریی لەمن دەکرد

سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ، لەبارەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی، جۆن بۆڵتنەوە کە لە ئەرکەکەی دووری خستووەتەوە ڕایگەیاند، ئەو ڕێگریی لەمن دەکرد. ترەمپ لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ڕیتویتی سیناتۆری فلۆریدا، مارکۆ ڕوبیۆی کردووە کە نووسیویەتی، "کەمێک پێش ئێستا لەگەڵ سەرۆک ترەمپ پەیوەندییەکم ئەنجام دا. ڕاستە لەگەڵ هەندێک بۆچوونەکانی ڕاوێژکاری پێشوو بۆڵتن نەبووە، بەڵام سەرۆک پێی ڕاگەیاندم کە لە هەندێک بابەتدا تەواو پێچەوانە بوون. ترەمپ نووسیویەتی"لەڕاستیدا بۆچوونەکانم بەتایبەت لەبارەی ڤەنزوێلا و کوباوە زۆر لە بۆچوونەکانی جۆن بۆڵتن بەهێزتر بوو. ئەو ڕێگریی لەمن دەکرد".

جۆن بۆڵتن کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ترەمپ بەتایبەتی لەبابەتی فەنزوێلا و ئێراندا ناسازێن، ڕۆژی سێ شەممە لەئەرکەکەی دوورخرایەوە.

دوێنێ ترەمپ لەکۆشکی سپی لەڕوونکردنەوەیەکیدا پێشنیارکردنی مۆدێلی لیبیای بۆ کۆریای باکوور بەکارەسات ناوبرد و جەختیکردەوە، لەدوای ئەو خاڵە لێک جیابوونەتەوە.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

www.xebat.net

یەک شەممە 2019/9/15 ژمارە (5827)

خەبات



نەرویژ.. یادی 58 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرز ڕاگیرا

ساسان دەرویش-نەرویژ

ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ یادی پەنجاوهەشت ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بە ئامادەبوونی تەها بێجانی بەرپرس و وەکیلی میر حازم تەحسین بەگ، ئێزدین جیهانی میر جهوەر عەلی بەگ، نوێنەری مالا ئێزدیان بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و ڕەوەندی کورد بەرزڕاگیرا.

سەرەتا بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی بەرز و پیرۆزی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر دەستپێکرد و پاشان لەلایەن هەریەک لە بەرپرسی لیژنەی ڕێکخراو میر جهوەر عەلی بەگ باسێکی تێروتەسەلی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کرا و تێیدا باسیان لە سەروەرییەکانی ئەم شۆڕشە بۆ ئامادەبوان کرد و ڕایگەیاند: شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گەورەترین شۆڕش بوو کە 14 ساڵی خایاند و دەیان هەزار شەهیدی هەبووە و چەندەها دەستکەوتی گەورەشی بۆ گەلی کورد بەدەستهێناوە و ڕژێمی بەعسی ناچار کرد لە 11ی ئازار ددان بە مافی گەلی کورد بنێت و دواتر لە پیلانی نێودەوڵەتی 6ی ئازار نسکۆیان بە شۆڕش هێنا و لە 26ی گوڵان پشکۆی نەکوژاوەی ئەیلوول لە چیاکانی کوردستاندا داگیرسایەوە.

لەو شۆڕشەشدا بڕا ئێزیدییەکان پاڵپشتی خۆیان بۆ شۆڕش و سەرکردایەتیی پارتی دەربڕی و لەنێو ڕیزی لەشکری پێشمەرگەی کوردستاندا بەشداربوون و خاونی چەندەها شەهید و شانازی هیوای ئەوەیان خواست کە نەوەی نوێ دوور لە ژیانی کوردستان و گەلەکەیان لە دایکبوون، هیچ کات گەل و خاکەکەیان لەبیر نەکەن و بە زانست و زانیاری لە داهاتوودا خزمەت بە کورد و کوردستان بکەن، لە کۆتایی ئەم مەراسیمەشدا ئامادەبووان پەیمان و سۆزی خۆشەویستی و دڵسۆزییان بۆ پارتی و بارزانی و ڕێبازەکەی دووپاتکردەوە.



تورکیا.. فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 232 پلەداری سەربازی دەرکرا

لە درێژەی فەرمانی دەستگیرکردن کەسانی تۆمەتبار بە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی "گولەن" لە تورکیا، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 232 پلەداری سەربازیی سوپای ئەو وڵاتە دەکراوە. لەمبارەوە پێگەی هەواڵی TRT بە پشتبەستن بە سەرچاوە تورکییەکان بڵاوی کردووەتەوە داواکاری گشتیی ئیستەنبوڵ، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ 232 پلەداری سوپا دەرکردووە کە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی "فەتحوڵا گەلەن"یان دراوەتە پاڵ.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن داواکاری گشتیی ئیستەنبوڵ، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لەبارەی تۆڕی لایەنگرانی "فەتحوڵا گولەن" لەناو هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە ئەو بڕیارەی داوە و 100 کەسیان لە پلەدارانی هێزی زەمینی و 41 کەسیان لە هێزی ئاسمانی و 32 کەسیان لەناو هێزی دەریایی و 46 کەس لەناو پۆلیس و چوار کەسیشیان لە پلەدارانی فەرماندەیی گاردی کەنارەکانی تورکیان.

بەپێی دواینێ زانیارییەکان، ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە بە شێوەی هاوشێوە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانە لە 49 پارێزگای تورکیا و باکووری قوبرس دەستی پێکردووە و هێشتا بەردەوامە.

زەلمای خەلیلزاد هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی جۆن بۆڵتن بۆ ڕۆژنامەی «خەبات» دەخاتەڕوو

خەبات-مەریوان نەقشبەندی:

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، زەلمای خەلیلزاد، نێردراوی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانستان باس لە هۆکاری دوورکەوتنەوەی جۆن بۆڵتن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە تیمی هەڵۆکانی ئیدارەی ئەمەریکا دەکات و دەڵێت: جۆن بۆڵتن بە جۆرێک دژی گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان و حکوومەتی کابول بوو کە نەمدەویست پێشنیار و خاڵەکانی ڕێککەوتن و گفتوگۆکان بدەمە جۆن بۆڵتن و ڕاستەوخۆ دەمدایە دۆناڵد ترەمپ، ئەویش ترسی ئەوەم هەبوو ڕێککەوتنەکە تێکبچێت، بە هۆی ناڕەزایی تونديی بۆڵتنەوە.

زەلمای خەلیل زاد لە درێژەی لەبارەی مامەڵەی ئێران لەگەڵ ئەمەریکا و نیگەرانی بۆڵتن لە هەنگاو و لێدوان و تویتەکانی ترەمپ لەمبارەیەوە گوتی: بۆڵتن پێی وابوو پێویستە لەگەڵ گەمارۆی توند بۆ سەر ئێران ناوبەناو گوررزی سەربازیشی ئاراستە بکرێت، بەڵام ترەمپ ئەوەی نەکرد و زیاتر هەڵگاو بە ئێران دا بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات و هیوای بە چارەسەری دیبلۆماسی زیاتر بێت و نیگەرانی خەڵکی ئێرانی لە بارودۆخی خراپی ئێران لەووی ئابووریەوە هێورکردەوە.

لەبارەی گفتوگۆش لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان بۆڵتن پێیوابو ئەوە هەنگاوێکی هەڵە و تەنازوڵێکی ڕوونە بۆ تیرۆریستان و هەیبەت و مەعنەویاتی دایەوە بە بزووتنەوەی تاڵیبان و لە بەرانبەردا حکوومەتی کابولی لاوازکرد، لانیکەم لە ڕووی مەعنەویەوە. زەلمای خەلیلزاد کە سەردەمێک بالێوزی ئەمەریکا بووە لە ئەفغانستان و ماوەیەکیش لە عێراق و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی گەلی کورد هەیە، لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: جۆن بۆڵتن هەروەها دەیویست بۆ گۆڕینی سەرۆکی ئێستای ڤەنزویلا کە هێشتا لەسەر کارە و سوپای وڵاتەکەیشی لەگەڵدایە، دەیویست ئەمەریکا هەنگاوی سەربازی و دەستوەردانی ڕاستەوخۆ بکات بۆ لابردنی ئەو سەرۆکەی ئێستا، بەڵام خاوبوونەوەی دۆناڵد ترەمپ لە چارەسەرە سەربازییەکان تارادەیەکی زۆر بۆڵتنی نائومێدکرد. گوتیشی: من نازانم بۆڵتن خۆی داوای دەستەلەکارکێشانەوەی کردووە یان ترەمپ لایداوە، بەڵام ئەمە ئەو دۆسێیانەیە کە بووبووە هۆی نیگەرانی جۆن بۆڵتن.



مافی مرۆڤ: 40٪ی دانیشتووانی بەسرە لەژێر هێڵی هەژاریدان



کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایدەگەیەنێت، 40%ی دانیشتووانی پارێزگای بەسرە لە باشووری ئەو وڵاتە، لەژێر هێڵی هەژاریدان. مەهدی تەمیمی، بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆمسیۆن لە بەسرە، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، بەشێکی زۆری هەژارەکانی بەسرە پەنایان بۆ وەرگرتنی قەرز لە بانک بردووە و ئێستاش کەوتونەتە ژێر قەرز و سووی قەرزی زۆرەوە. بەپێی باسنیوز، مەهدی تەمیمی هەروەها ڕایگەیاندووە، کە بەپێی بەدواداچوونی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، دەرکەوتووە 40%ی دانیشتوانی پارێزگای بەسرە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بەڕێوەبەری نووسینگەی بەسرەی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق داوای لە حکوومەتی عێراق کردووە کار بکات بۆ دامەزراندنی گەنجانی بەسرە لەو کۆمپانیایانەی لە پارێزگاکە کار دەکەن. مەهدی تەمیمی جەختی لە دوو خاڵ بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی هەژاری بەسرە کردووەتەوە، کە بریتین لە:

- دابەشکردنی زەوی بەسەر خەڵکی هەژار.
- لابردنی سووی بانکی لەسەر خەڵکی هەژاری بەسرە.

بڵاوکردنەوەی ئەو داتایە لەبارەی هەژاریی خەڵکی بەسرە لەکاتێک دایە، کە ئەو پارێزگایە بە شادەماری ئابووریی عێراق دادەندرێت و زۆرینەی نەوتی ئەو وڵاتە، لە بەسرە دەردەهێندرێت و هەنارەدە دەکرێت.

سعوودییە.. هێرشکرایە سەر دوو پاڵاوگەی نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆ

حووسییەکان بەرپرسیاریەتی خۆیان لە ئەنجامدانی هێرشەکە ڕاگەیاند

دوێنێ شەممە دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشیان کردە سەر دوو دامەزراوەی کۆمپانیای ئارامکۆی سعوودی تایبەت بە نەوت و وزە. لەمبارەیەوە وەزیری ناوخۆی سعوودیە بە میدیاکانی ڕایگەیاند، دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشیانکردە سەر دوو کارگەی سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئارامکۆ لە پارێزگای بوقەیق لە ڕۆژهەڵاتی سعوودیە کە گەورەترین کێڵگەی نەوتی وڵاتی سعوودییەی لێیە.

وەزیری ناوخۆی دووپاتیکردەوە، تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکەیان کۆنترۆڵکردووە، بەڵام کەسی بە ئەنجامدانی هێرشەکان تۆمەتبار نەکرد.

هەروەها کاربەدەستانی سعوودیە ڕایانگەیاند، ئەو ئاگرانەی کە بەهۆی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە دوو پاڵاوگەی نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا کەوتنەوە، کۆنترۆڵکراون و هاوکات حووسییەکان بەرپرسیاریەتی خۆیان لە ئەنجامدانی هێرشەکە ڕاگەیاند. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیەش لە گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی وڵاتەکەی کە ناوی ئاشکرانەکردووە گواستەوە کە لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ئاگر لە دوو پاڵاوگەی نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا کەوتنەوە. گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی سعوودیە ئامارژەی بەوەشکردووەکە تیمی ئاسایشی پیشەسازی سەربە کۆمپانیای ئارامکۆ توانیویانە ڕێگری بکەن لە پەرەسەندنی ئاگرەکان و کۆنترۆڵیان کردووە. لە لایەکی دیکەشەوە کەنالی ئاسمانی ئەلعەرەبییە پشتڕاستیکردەوە کە ئاگرەکان کۆنترۆڵکراون و هیچ زیانێکی گیانیان لێ نەکەوتووەتەوە.

هاوکات گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع بەرپرسیاریەتی خۆیان لە ئەنجامدانی هێرشەکە ڕاگەیاند و ئاشکرایکردووە کە بە 10 فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیان کردووتەوە سەر دوو پاڵاوگەی نەوت لە هەردوو پارێزگای بەقیق و خەریس ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا کەوتنەوە. گوتەبێژی سعوودیە. گوتەبێژی حووسییەکان باسی لەوەشکردووە کە بە ئامانجکردنی هەردوو پاڵاوگەوی نەوتی بەقیق و خەریس، گەورەترین هێرشە کە بۆ قوڵایی سعوودیە ئەنجامیانداوە. یەحیا سەریع ئامارژەی بەوەش کردووە کە هێرشەکان لە وەڵامی هێرشی هاوپەیمانییەتی عەرەبی بە ڕابەڕایەتی سعوودیە، بۆسەر پێگەی حووسییەکان لە یەمەن ئەنجامدراون.

کۆشکی سپی کۆژرانی هەمزە بن لادنی ڕاگەیاند



کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە هەمزە بن لادنی کوڕی سەرۆکی پێشووی ئەلقاعیدە، ئوسامە بن لادن لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە ناوچەی سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان کوژراوە.

بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوەی لە کۆشکی سپی بڵاوکراوەتەوە، "هەمزە بن لادنی کوڕی ئوسامە بن لادن و بەرپرسی باڵای ئەلقاعیدە لە ئۆپەراسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا لە دژی تیرۆر لە ناوچەی ئەفغانستان وپاکستان کوژراوە". ڕاشگەیەندرا کە "کوژرانی هەمزە بن لادن گورزی لە چالاکیە ئۆپەراسیۆنە گرنگەکانی ئەلقاعیدە داوە و توانایەکی سەرکردایەتی گرنگی لەدەستداوە".

دیندار زێباری: لە شەڕی داعش نزیکەی 12000 هەزار پێشمەرگە بریندار بوون

حکوومەتی هەرێم زیاتر لە 1500 بەرکەوتووی چەکی کیمیاویی ناردۆتە دەرەوە بۆ چارەسەرکردن

لە رۆژانی 10-2019/9/11 خولی بیست و دووەمی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان "CRPD" لە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنێف بەسترا، بە بەشداری شاندێکی هەرێمی کوردستان گفتوگۆکانی راپۆرتی سەرەتایی عێراق تایبەت بە رێکەوتننامەی مافی کەمئەندامان.



لەم بارەوە دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بەشداری کردنی هەرێمی کوردستان و پێشکەش کردنی وتاری هەرێم لە چوارچێوەی شاندی عێراق لە خولی بیست و دووەمی لیژنەی تایبەت بە مافەکانی کەم ئەندامان "CRPD" لە ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگی خۆی هەیە بۆ خستنەڕووی پابەندبوونەکانی حکوومەتی هەرێم کە هەنگاوی زۆری ئەنجامداوە لەو رووەوە، وەک ئەو یاسا و رێنماییی و هەنگاوە کردارییانەی کە لە بواری پاراستن و خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەمئەندامان دەرچوون لەوانەش یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2011 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و ئەو رێنماییانەی تایبەت بەم چینە.

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەم گفتوگۆیانەدا تیشکی خستە سەرقوربانییەکانی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و گوتی: دوای هێرشەکانی داعش نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و بە هەزارانیان بریندار بوون و ئەندامێکی لەشیان لە دەستدا کە هەندێکیان تووشی کەمئەندامی تەواو بوون بەم شێوەیە:

- 235پێشمەرگە دەست یان قاچێکیان لە دەستدا.
- 20پێشمەرگە توانای بینینیان لە دەستدا.
- 38پێشمەرگە تووشی ئیفلیجی تەواو بوون و عارەبانە بەکارهێنان بۆ هاتوچۆ.

سەرەڕای نالەباری دۆخی ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای خۆیهاوکاری وخزمەتگوزاری پێویستیان پێشکەش کردووە لەلایەنی تەندروستی، مووچە و خانەنشینی هەروەها بەشێکی زۆریان نێردرانە دەرەوە بۆ چارەسەرکردن.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بە قوربانیانی چەکی کیمیاوی کرد و گوتی: کیمیاباران کردنی چەندین ناوچەی هەرێم لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە ساڵی 1988 هەزاران قوربانی و بریندار بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی دوای خۆی جێهێشت کە زۆمارەیەکیان پێویستیان بە چارەسەری هەمیشەیی هەیە، بەپێی ئامارەکان حکوومەتی هەرێم، زۆمارەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی کە منحە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن دەگاتە 970 بریندار، هەروەها 8800 کەسی دیکەش داواکاریان پێشکەش کردووە بۆ تۆمارکردن وەک بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو لیژنەی پێکهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی رێژەی کەمئەندام بوون و تۆمارکردنیان، لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی هەرێم لەسەر ئەرکی خۆی تا ئێستا 35 وەجبەی بریندارانی چەکی کیمیاوییان ناردۆتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن کە هەر وەجبەیەکیان لە 30 تاکو 45 بەرکەوتووپێکدێت.

دیندار زێباری دەربارەی زۆمارەی کەمئەندامان و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکرێن گوتی: تا ساڵی 2018 زۆمارەی ئەو کەمئەندامانەی کە لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمەوە تۆمار کراون و مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە گەیشتۆتە 95916 کەس لە کۆمەڵە هەیە کە لەو بوارەدا کار دەکەن، هەروەها دامودەزگای حکومەی تایبەت بە کەمئەندامان دامەزراوە، لە بواری تەندروستیش 14 نەخۆشخانە و سەنتەر لە سلێمانی و 5 نەخۆشخانە و سەنتەر لە هەولێر و 5 نەخۆشخانە و سەنتەر لە دهۆک هەن کە خزمەتگوزارییەکان بەپێ جیاوازی پێشکەش بە کەم ئەندامان دەکەن، هەروەها 12 سەنتەری پزیشکی تایبەت بە کەم ئەندامان لە هەرێم هەیە کە 544پسپۆری چارەسەری سروشتی و 56تەکنیککار تێیدا کار دەکەن.

لە کۆتایی وتەکەیدا رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم باسی لە قوربانیانی مین کرد لە هەرێمی کوردستان و رایگەیاند: ئەو مینانەی لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێران لە هەرێمی کوردستان چێنراون ئاستەنگی زۆری بۆ گوندنشینان دروستکردووە و سەرەڕای هەڵمەتە بەردەوامەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ هەڵگرتنەوەیان، بەڵام لە ساڵی 1991ەوە تا ئێستا نزیکەی 10815 کەس بوونەتە قوربانی مین لەوانە 90کەسیان لە بواری هەڵگرتنەوەی مین کار دەکەن، حکوومەتی هەرێم هاوکارییەکی مانگانەیان پێشکەش دەکات، هەروەها پرۆژە یاسایەکی تایبەت ئامادە کراوە تایبەتە بەو کەسانەی لە بواری میندا کار دەکەن و ئەندامێکی لەشیان لە دەست داوە کە ئیمتیازاتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت لە بواری "موچە، چارەسەر، خوێندن و خانەنشینی".

هەردوو رەگەز کە بەسەر چەندین جۆر دابەشکراوان بەپێی راپۆرتی پزیشکی لەوانە "جەستەیی، نابینا، ئۆتیزم، کەڕ و لاڵ، مەنگۆلی، ئیفلیجی مێشک، دواکەوتنی عەقڵی، کورتە باڵاکان، پالاسیمیا، شیزۆفرینیا، هیمۆفیلیا و شەکرەی منداڵان"، بۆ رێکخستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەکی وردی لیستی کەم ئەندامانی کرد لەو رووەوە و نزیکەی 13 هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت کە مووچەکانیان راگیرا بوو، دووبارە بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران مووچەکانیان گەڕاوەتەوە، و چەندین رێنمایی تایبەت لەلایەن حکوومەتی هەرێم دەرچوون بۆ خزمەت کردنی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت.

زێباری لە وتەکەیدا لە میانەی گفتوگۆکانی لیژنەی CRPD ئاماژەی بە حەواندنەوەی کەمئەندامان کرد لە خانەی دالدەدان و ئەو رێکخراوانەی تایبەتن لەو بوارە گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندین خانەی تایبەتی بۆ کەمئەندامان دامەزراندووە بەپێی یاسای پاراستنی ماف و ئیمتیازاتی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان بەم شێوەیە: 4 خانە کە توانای دالدەدانی 50 کەسی هەیە و گشت خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابینکراوە، 3خانەی تایبەت بە چاودێری کۆمەڵایەتی کە منداڵان لە تەمەنی یەک ساڵییەوە وەردەگرن، 18 سەنتەر و بنکەی فیزیوونی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت، 7 سەنتەری مەشقی پیشەیی بۆ مەشق پێکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، سەنتەری رۆشنە بۆ کۆمپیوتەری تایبەت بە نابیستایان.

لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی هەرێم ئاسانکاریی زۆری بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی تایبەت بە کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت و لەو رووەوە زیاتر لە (45)رێکخراو، سەنتەر، کۆمەڵە هەیە کە لەو بوارەدا کار دەکەن، هەروەها دامودەزگای حکومەی تایبەت بە کەمئەندامان دامەزراوە، لە بواری تەندروستیش 14 نەخۆشخانە و سەنتەر لە سلێمانی و 5 نەخۆشخانە و سەنتەر لە هەولێر و 5 نەخۆشخانە و سەنتەر لە دهۆک هەن کە خزمەتگوزارییەکان بەپێ جیاوازی پێشکەش بە کەم ئەندامان دەکەن، هەروەها 12 سەنتەری پزیشکی تایبەت بە کەم ئەندامان لە هەرێم هەیە کە 544پسپۆری چارەسەری سروشتی و 56تەکنیککار تێیدا کار دەکەن.

لە کۆتایی وتەکەیدا رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم باسی لە قوربانیانی مین کرد لە هەرێمی کوردستان و ئێران لە هەرێمی کوردستان چێنراون ئاستەنگی زۆری بۆ گوندنشینان دروستکردووە و سەرەڕای هەڵمەتە بەردەوامەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ هەڵگرتنەوەیان، بەڵام لە ساڵی 1991ەوە تا ئێستا نزیکەی 10815 کەس بوونەتە قوربانی مین لەوانە 90کەسیان لە بواری هەڵگرتنەوەی مین کار دەکەن، حکوومەتی هەرێم هاوکارییەکی مانگانەیان پێشکەش دەکات، هەروەها پرۆژە یاسایەکی تایبەت ئامادە کراوە تایبەتە بەو کەسانەی لە بواری میندا کار دەکەن و ئەندامێکی لەشیان لە دەست داوە کە ئیمتیازاتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت لە بواری "موچە، چارەسەر، خوێندن و خانەنشینی".

کەرکووک کلیلی چارەسەری کێشەکانی کورد و عێراق

سەربەست مەفی

کەرکووک چەق و جەوهەری کێشەی کوردە لە عێراقدا، تا کێشەی کەرکووک بە لەبەرچاوگرتنی راستی و حەقیقەتە مێژوویی و جوگرافییەکەی چارەسەر نەکرێت، کێشەی کورد لە عێراقدا کێشەیەکی زیندوو و گەرمە و لە چاوەڕوانی چارەسەردا دەمێنێتەوە.

ئەگەر کێشەی کەرکووک چارەسەرێکی دادپەروەرانەی بۆ نەکرێت، عێراق گیرۆدەی کۆمەڵێک کێشەیە، کێشەی بوون و دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردیش لە ترۆپکی ئەو کێشانەدان، کورد لە سەد ساڵی رابردوودا لەسەد ساڵی عێراقیبوونیدا هەستی بە دادپەروەری و عێراقیبوون نەکردووە، بەپێی دەرفەت و قۆناغە مێژوویییەکانیش کورد جەنگی مانەوە و شوناسی کردووە، لە هەر قۆناغێکیشدا بەشێک لە مافەکانی سەلماندووە.

کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بە شوێن دەسەلاتی فراوانی ناوچە کوردییەکان و عێراقیش بە شوێن مەرکەزیەتێکی توند و تاقەتپڕوکێنەوەیە، وەک حەسەن عەلەوی گەورە بیرمەندی عێراقی دەڵێت: (بە بوونی کورد مەرکەزیەت لە عێراقدا بەدی نایەت، ئەگەر عەرەب عێراقێکی مەرکەزی دەوێت کورد ئیزن بدەن!).

پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و بڕیاری ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی دانیشتووانی عێراق، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا یەکەمیان وەک ئیلتیزام بە دیموکراسی و گەرانەوە بۆ دەنگی خەڵک و باوەڕ بە هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات ئەنجامدەدرێت، دووەمیشیان وەک رێگە و شیوازێکی زانستی و تەکنیکی بەکار دەهێندرێت! لێ لە راستیدا هەردوو پرۆژەکە بەر لە روانگە بنەڕەتییەکانی خۆیان پرۆژەی بە ئیمتیاز سیاسین و دەکرێت وەک جۆرێک لە پیلانیش تەماشا و مامەڵەی بکەین، چونکە کەرکووک وەک بەشێکی گرنگ و جەوهەری لە کێشەکانی کورد، لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق تەنیا یەکجار هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای تیا ئەنجام دراوە، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش ساڵی 2005دا لیستی برایەتی-کورد توانی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەن بەدەست بهێنێت و ئەمەش کوردستانییبوونی کەرکووکی سەلماندووە، لێرە بەدوا کەرکووک لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بێبەشکرا تا لە 16ی ئۆکتۆبەر هێزە شۆڤێنییەکان تەرازووی هێزییان لە بەرژەوەندی خۆیان گۆڕی، ئێستا دوای زیندووکردنەوەی پرۆسەی تەعریبی ناوچە کوردستانییەکانی مادەی 140ی دەستوور و ڕەشکۆژکردنی خورماتوو و هێنانی دەیان هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، نیشتەجێکردنیان لە کەرکووک و شنگال و خورماتوو، هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و سەرژمێری گشتی بۆ عێراق ئەنجام دەدەن!

ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق، دوای زیاتر لە 17 ساڵ لە پرۆسەی ئازادی، بە پلەی بالآ مەغزایەکی سیاسی و شۆڤێنییانەی لە پشتە، ئامانجی یەکەم سەرژمێریکردن لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تا ئەوەی زۆرینەی کورد بکەنە کەمینە لە بەرانبەر عەرەبی هاوردەدا! دووەم: لە سەرژمێرییەکی پڕ لە ساختە و چەواشەکاریدا بیسەلمێنن کە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کەمترە لە ٪17ی دانیشتوانی عێراق و لەم ڕێگایەوە پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان کەمبکەنەوە!

لە چرکەساتێکدا ئێمە 58مین ساڵیادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە، شۆڕشێک 14 ساڵی خایاند و کۆمەڵێک دەستکەوتی گەورەی بۆ گەلەکەمان دەستەبەرکرد، شۆڕشێک ئامادەنەبوو مساوەمە لەسەر کوردستانییوونی کەرکووک بکات، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ داپڕین و گۆڕینی ناسنامەی کوردستانییوونی کەرکووک شکست دێنێت، لای خەڵکی کوردستان کەرکووک کلیلی چارەسەری کێشەکانی کورد و عێراقە.

عەبدولفەتاح سیسی: رێگە بە هیچ کەس و لایەنێک نادەین ناوی سوپای میسر بزڕێنێت



سەرکۆماری میسر، عەبدولفەتاح سیسی هۆشداری دا لە بوونی پیلانگێڕی بە ئامانجی ناوزڕاندنی سوپا و گۆڕینی سیستەمی دەسەلات لە وڵاتەکەی. عەبدولفەتاح سیسی لە هەشتەهەمین کۆنگرەی گەنجان کە لە قاهیرە بەڕێوەدەچێت گوتارێکی پێشکەشکرد و تیادا وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە کە بەڵێندەرێکی میسری ئاراستەی ژمارەیەک گەورە بەرپرسی ئەو وڵاتە کردووە. بەم دواییانە بەڵێندەرێکی میسری بە ناو محەمەد عەلی کە خاوەن کۆمپانیەکی بەڵێندارییەتییە و کاری بنیاتنانی چەند پرۆژەیەکی کردبوو لە میسر، بوونی گەندەڵیی گەورەی ئاشکراکرد و کە تیادا ژمارەیەک گەورە بەرپرسی وڵاتەکەی تۆمەتبار کردبوو لەوەی تێوەگلاون لەو گەندەڵییە، بێ ئەوەی پشت بە بوونی هیچ بەڵگەیەک ببەستێت.سەرکۆماری میسر، عەبدولفەتاح سیسی باسی لە ئامانجەکان وەک خۆی بە "تیرۆریستان" ناویانی هێنا و گوتی: بە میسرییەکان دەڵێم دوو بژاردەیان لەبەردەم دایە یان ئەوەتا خۆیان رادەستی ئەو تیرۆریستانە بکەن و حکومڕانی میسر بکەن، یان ئەوەتا دەبێت ڕووبەڕووی ئەو تیرۆریستانە ببنەوە، چونکە ئەو تیرۆریستانە دەیانەوێت میسر بڕوخێنن، بێ ئەوەی هیچ کەسێک ڕاستەوخۆ لەوبارەوە تۆمەتبار بکات. عەبدولفەتاح سیسی گوتیشی: هیچ قبوولکراو نییە، کەسێک بێت و نیگەران بکات، جگە لەوەش هەوڵی ناوزڕاندنی سوپای میسر بدات. سەرکۆماری میسر، عەبدولفەتاح سیسی جەختی لەوەش کردەوە: سوپای وڵاتەکەم، سوپایەکی بەهێزە و ڕێگە بە هیچ کەس و لایەنێک نادەین ناوی بزڕێنێت.

ڕاوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا:

حزبوڵڵا، لوبنانی نییە و فەرمان لە ئێرانەوە وەردەگرێت



دەیڤد شینکەر، کە یەکێکە لە ڕاوێژکارانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری پەیوەندییەکانی خۆرهەڵاتی نزیک؟ ڕایگەیاند: حزبوڵڵا لوبنانی نییە و، فەرمان لە ئێرانەوە وەردەگرێت. لە میانی سەردانێکی فەرمیدا بۆ لوبنان، شینکەر بۆ کەناڵی LBCIی دووا، کە یەکێکە لە کەناڵە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە و، ڕایگەیاند: حزبوڵڵا دەوڵەتی ناو دەوڵەتە. پەیوەست نییە بە سەروەری لوبنانەوە. حزبوڵڵا لوبنانی نییە و، فەرمان لە ئێرانەوە وەردەگرێت.

شینکەر باسی لەوە کرد کە بەهۆی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران گوشار لەسەر حزبوڵڵا دروست بووە و ناتوانێت پارە بداتە جەنگاوەرانی، ئەوەشی خستەڕوو کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و ئەو گرووپانەی پەیوەستن پێیەوە، ئەمەریکا ناوی نوێ ئەو لایەنانە دەخاتە لیستی سزاکانیە کە پشتیوانی لە حزبوڵڵا دەکەن.

دەیڤد شینکەر ئاماژەی بەوە کرد کە هێزی ئەرکی کاتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان (یونیفیل) لە باشوور زۆر گەڕانیان هەیە بەڵام نەیانتوانیوە ڕێ لە گەیاندنی چەک بگرن بۆ حزبوڵڵا، لەبەرئەوە بەهێزبونی یونیفیل بەسوودە بۆ ڕێگرتن لە گەیشتنی چەک بە حزبوڵڵا.

شینکەر باسی لە بابەتی دیاریکردنی سنووری وشکانی و دەریای کرد لەنێوان لوبنان و ئیسرائیل دا، هەروەها باسی لەوە کرد کە پێشهاتی نوێ نییە لەبارەی بابەتەکەوە و، زۆر خوازیارن حکوومەتی لوبنان بڕیاری پێشووچوون بدات.

دەیڤد شینکەر تیشکی خستەسەر ئەوەی کە موخاتەبی دانووستانەکان لوبنان و ئیسرائیلن، خۆشیان بۆ ئاسانکاری گرنگیان بە بابەتەکە داوە و، گوتی: لوبنان دەتوانێت داوای سوودمەندبوون بکات لە ملیاران دۆلار کەژێر ئاودایە. بەڵام بۆ سوودمەندبوون لە دەوڵەمەندی نەوت سەرەتا پێویستە لەگەڵ ئیسرائیل دانوستان بکات.

جێی باسە لە نێوان لوبنان و ئیسرائیلدا ناکۆکی لەسەر کایەی دەریایی هەیە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی 860 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. هەردوو وڵات بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو ناوچەیە مافی خۆیانە. ئیسرائیل باس لەوە دەکات کە لە کۆی پێنج بلۆک کە حکوومەتی لوبنان دەستی بە قۆناغی مۆڵەتدان کردووە، سیانیان لە سنووری بالادەستی ناوچەیی ئیسرائیل دایە. دوای ئەوەی لوبنان لە کانوونی دووەمی 2017دا دەستی کرد بە قۆناغی گەڕان بە دوای نەوت و غازی سروشتیدا، پەرلەمانی ئیسرائیل لە مانگی ئادارادا ئەو پرۆژە یاسایەی پەسەند کرد کە بانگەشەی ئەوە دەکات هەندێ لەو ناوچانەی لوبنان کاریان تێدا دەکات لەنێو سنوورە ئاوییەکانی ئیسرائیل دان.

دهوک.. 58 سالیا شورەشا ئەیلوولا مەزن هاتە ساخکرن



خەبات- دهوک: ب هەلکەفتا دەربازبونا 58 سالا ل سەر شورەشا ئەیلولا مەزن و ب چاڤێریا سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسێ لقێ ئێک، رێکەفتا 2019/9/11 ل باخچێ سەیرانگەها شندوخا و بئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ و فەهیم عەبدوللا سەروکێ ئەنجومەنێ پاریزگەها دهوکێ وچەند بەرپرسێن حزبی وئیداری ولەشکری وجەماوەری وپێشمەرگێن ئەیلولێ وئەندام ولایەنگرێن پارتی دیموکراتی کوردستان ل سنورێ لقێ ئێک ئاهەنگا تایبەت هاتە گێران.

لەبەراهیێ بەرهەڤبوی دەقیقەکێ رێزگرتن ڕاوستیان بو گیانێ پاکێ شەهیدێن کوردستانێ. پاش بەرپرسێ لقێ ئێک بڤێ هەلکەفتێ پەیڤەک پێشکێشکر و گوت ئەڤرو بومە شانازییەکا مەزنە ئەم د روژەکا پیروزدا 58 سالیا شورەشا ئەیلولا مەزن دگێرین کو مەزنترین شورەش بو ل سەر ئاستێ کوردستانێ وئەڤ هەلکەفتە ل سەروک بارزانی وهەموو ئەندام وکادرێن پارتی وخەلکێ کوردستانێ پیرۆزکر.

بەرپرسێ لقێ ئێک ئەو یەک ژی گوت: ل وی سەردەمی بارزانیێ نەمر ب شیانێن کێم مەزنترین سەرکەفتن ل سەر داگیرکەران تومارکرن و هەردەم خزمەتا خەلکێ کوردستانێ دکر و داکوکی ل سەر ئێک رێزیا مللەتێ کورد دکر و ئەڤروژی سەروک مسعود بارزانی بەردەوامی دایە وێ رێبازێ وداکوکیێ ل ئێکرێزی وئێک دەنگیا هەموو خەلکێ کوردستانێ دکەت. پاش بەرپرسێ لقێ ئێک و فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ خەلاتێن رێزگرتنێ ل سەر ژمارەکا شەهیدێن زیندی پەکەفتیێن پێشمەرگەرەی بەلافکرن. پاش ئاهەنگەکا هونەری هاتە ل دارخستن وهونەرمەندێن باکور ژجولەمێرگێ هشیار بەروازی وهوزان فکرت چەندین ستران پێشکێشکرن.

لقی 21 یادی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکاتەوە



لە یادی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی لقی21 بە ئامادەبونی جەماوەرێکی زۆری سنووری لق و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و کادیران و هەڤالانی پارتی لەو سنوورەدا، لە مەراسیمێکی شایستەی جەماوەریدا کردنەوەی هۆڵی بۆنەکانی لقی21ی لەلایەن شێخ ستار عەولانی سەرپەرشتیاری لق و محەمەد مەعروف ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی- هەڵەبجە و سەلیم کاکە حەمە کۆری یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلوول لە سنووری دوکان کرایەوە. سەرەتا لەلایەن سەرپەرشتیاری لق وتاریک پێشکەش کراو تێدا ئاماژەیەکی مێژوویی بە شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی سەرکردایەتی بارزانیی نەمر کرد وتاری دەگای ئەیلوول لەلایەن دکتۆر جەمال پێشکەشکرا پاشان وتاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی- هەڵەبجە خوێندرایەوە. هەر لەو مەراسیمەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر شۆڕشی ئەیلوول پێشکەشکرا، دواتر خەلات و ڕێزلێنان بەخشرایە ژمارەیەک لە نوسەران و هونەرمەندان و سینەماکارانی شۆڕشی ئەیلول، کە خەلاتەکان لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی سلێمانی- هەڵەبجە ئامادە کرابوو.

بەرپرسێ لقێ 9: شورشا مەزنا ئەیلولێ وەرچەرخانەکا دیروکی بوو د بزاڤا ڕزگاریخوازا کوردستانێ



لدرێژەدان ب چالاکییێن لقێ9 و ب هەلکەفتا 58مین سالڤەگەرا شورشا مەزنا ئەیلولێ ول هولا لیژنەیا ناوچا ڕزگاری یا پارتی دیموکراتی کوردستان و ب بەرهەڤبوونا جەماوەرەکێ ئێکجار زور یێ سنورێ لیژنەیا ناوچێ، لیژنا ناوچا ڕزگاری سمینارەک بو سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 سازکر، پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ و ڕاوەستان ڕێزگرتن ل گیانێ پیرۆزێ شەهیدێن ڕزگاریخوازیا کوردستانێ و سەرکراوانێ شەهیدان بارزانییێ نەمر و کاک ئیدریسێ هەردەم ساخ، بەرپرسێ لقێ9 ل بەراهیکێ ئەڤ یادا پیرۆز ل تەڤایا جەماوەرێ کوردستانێ و نەمازە ل مالباتێن شەهیدێن سەربلند و پێشمەرگەهێن قەهرەمانێن شورشا مەزنا ئەیلولێ کرن و لدویڤ دا ب تێروتەسەلی ئاماژە دا هەلگیرساندنا شورشا مەزنا ئەیلولێ ب ڕێبەرایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و ب سەروکایەتیا بابێ ڕوحی یێ نەتەوا کورد بارزانییێ نەمر، دیسان ژی خویا کر کو شورشا مەزنا ئەیلولێ وەرچەرخانەکا دیروکی یە د بزاڤا ڕزگاریخوازیا کوردستانێ و شورشا دەستکەفت و سەروەریایە و قوتابخانەیا ڕاستەقینە یا کوردایەتی و قەژاندنا هەستا نەتەوی بوو نەک ب تنێ ل کوردستانا باشور بەلکو ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ، شورشا ئەیلولێ ب مەزنترین شورشا بزاڤا ڕزگاریخوازیا گەلێ کورد و شورشەک ب چەک و تەقەمەنیەکێ کێم لێ ب ئیرادەیەکا ب هێزو باوەریەکا موکم ب دوزا ڕەوایا مللەتێ کورد شیا بەرسینگێ دوژمن و داگیرکەران بگریت و ڕێزێما بەعسا گور ب گور نەچار بکە تکو دانپێدانێ ب نەتەوەیێ کورد بکە تکو دووەم نەتەوە یە ل عیراقێ وهەڤپشک بیت دحکمرانیێ دا ، هەر ب هەمان مەبەست لیژنە ڕێکخراوا زەنگەنان سمینارەک بو بەهرام خەلیل ئەندامێ لقا 9 و بەرپرسێ لیژنە ناوچەیا دارەتوو ڕێکخست، د سمیناری دا کورگێری ئاماژە دا دیرۆکا پر سەر فرازیا شورشا مەزنا ئەیلولێ و گوت سەرهەلدانا شورشا مەزنا ئەیلولی ل پێناڤ مافێن ڕەوا بێن کوردستانیان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەڤالێ ڕۆژگار شێخانی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو فەخرییە مەجید عوسمان- ی دایکی بەڕێزتان.

پرسە و سەرەخۆشیمان بە بەڕێزتان و خانەوادە و خزم و ئاشنایانتان ڕادەگەیەنین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بۆ هاوکارمان کاک عەزیز کوێخا ڕەسول

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتامان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و تەواوی ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیمان بە بەڕێزتان و خانەوادە و خزم و دۆستانتان ڕادەگەیەنین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

خەبات

وەزیری ئەوقاف: زانایانی ئایینیی کوردستان بەشێکی سەرەکیی کلتووری کوردستانن



بەئامادەبوونی د پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی د.عەبدوللا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، حاجی ڕێباز بەڕێوەبەری ئەوقافی شەقلاوە بەوەکالەت و مامۆستایانی ئایینی و میوانان و جەماوەرێکی بەرچاو و کەسایەتی کۆمەلایەتی ناوچەکە لەمزگەوتی مەلامەجید گراوی لە هاوینەهەواری پیرمام مەراسیمێکی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی زانستی بۆ هەردوو مامۆستا مەلا ئەیوب و مەلا ئەرسەلان لەسەر دەستی مامۆستا مەلاعەلی خەتێ بەڕێوەچوو. سەرەتای ئاهەنگە کە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدەستی پێکرد، دواتر لە وتەیەکدا وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی ئاراستەی مامۆستایان و مەلائەیوب و مەلا ئەرسەلان کرد بەبۆنەی وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی. دەست خۆشی لە مامۆستا مەلا عەلی خەتێ کرد کە توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو مامۆستایانی پێبگەیەنێ. وەزیری ئەوقاف تەکیدی کردەوە کە مەلاو زانا و مامۆستایانی ئایینی کوردستان بەشێکی سەرەکی کولتوری کوردستانن و وێرای ئایین پەروەری و نیشتیمان پەروەری بەشێکن لە شۆڕشەکانی کوردستان کە هەمیشە ئەم خاڵە جێگەی شانازیە بۆ گەلی کوردستان. هەروەها ڕۆژی پێنج شەمە 2019/9/12 لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و خیری بوزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدیەکان، سەرجەم پێکهاتە ئایینیەکان و ڕۆشنبیران و نووسەران لە مەراسیمێکی شایستەدا وەزیری ئەوقاف واژووی لەسەر نۆ کتێبی زانستی دیکۆمێنتاری لەسەر مێژوو کلتوور جینوسایدی ئێزیدییەکان کرد.

نادر ڕۆستی: بەراورد بە پار ڕێژەی گەشتیاران زۆر بەرزبووەتەوە



گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نادر ڕۆستی ڕایگەیاند کە ڕێژەی هاتنی گەشتیاران لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر بووە لە پێشبینییەکەیان و ئاماژە بەوەش دەکات کە بەراورد بە پار ساڵ ڕێژەکە زۆر بەرزبووەتەوە.

نادر ڕۆستی لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: سەبارەت بە ئاماری گەشتیاران لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بریتیی بووە لە یەک ملیۆن و 750 هەزار گەشتیار، ئەمەش لە پێشبینی ئێمە زیاتر بووە و پلانی ئێمە ئەوەبوو بۆ کۆتایی ساڵ ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بگاتە سێ ملیۆن و 500هەزار گەشتیار، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی نیوەی ئەو ڕێژەیە تێپەڕی و پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ساڵ ڕێژەکە لە پێشبینییەکانی ئێمە زیاتر بێت.

نادر ڕۆستی گوتیشی: ساڵی پار ڕێژەی هاتنی گەشتیاران یەک ملیۆن و 310 هەزار گەشتیار بووە، بەڵام ئەمساڵ ڕێژەکە زیاترە لە ساڵی پار و ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەرتی گەشتیاریدا هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە چەند ڕێنماییەکمان بۆ ئاسانکاری گەشتیاران دەرکردووە.

سەبارەت بە ڕێنماییەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نارد ڕۆستی گوتی: هەر گەشتیارێک کە تێبینی لەسەر شێوازی گەشتیاری هەیە گوێی لێدەگرین و کاری لەسەر دەکەین، لەماوەی ڕابردووشدا ئەوەمان کردووە، بۆ نموونە لەدوای جەژن گلەیی لە نرخی ئەو کەپرانە کرا کە گەشتیار لێی دەمانەوە، ئێمە هەڵساین بە دەرکردنی نووسراوێک کە خاوەن کەپرەکان ناچارن نرخەکانیان هەڵواسن بۆ ئەوەی گەشتیار ئازادبێت، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ئیستیغلالکردنی گەشتیاران کەمدەکاتەوە.

نادر ڕۆستی لەبارەی شێوازی مامەڵەکردنی دەستەی گەشتوگوزار لە ئەگەری سەرپێچیکردن لە لایەن خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان گوتی: لەماوەی ڕابردوودا شوێنی زۆر سزادراون بەپێی جۆری سەرپێچییەکان چونکە ئەندامی ئێمە لە لیژنەی قایمقامیەت هەیە و بەردەوام سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان دەکەن و داوشمان کردووە هەر کەس تێبینی لەسەر شوێنێکی گەشتیاری هەیە ئاگادارمان بکاتەوە.

سزای لەسێدارەدان بۆ بکوژانی تاریقی بەقاڵ دەرچوو

ڕۆژی پێنجشەمە 2019/12/9 لە دانیشتنی دووەمیدا، دادگای تاوانەکانی سلێمانی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ بکوژانی تاریقی بەقاڵ دەرکرد کە باندێکی سێ کەسین.

حاکم عومەر ئەحمەد، گوتەبێژی دادگای سلێمانی هەواڵەکەی بۆ ڕووداو پشتڕاستکردەوە و ڕاگەیاند، سێ کەس بە ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بە تاوانی کوشتنی تاریقی بەقاڵ سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

تاریق ڕۆستەم، ناسراو بە تاریقی بەقاڵ، ڕۆژی 2018/12/18 بەخۆی و ئۆتۆمبێلەکەیەوە بێسەروشوێن بوو. دوای چوار مانگ هێزەئەمنییەکانی سلێمانی، بە زانیاری هاوڵاتیان، لە ناوچەی ئاشتی سەرکەوتن لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود ئۆتۆمبێلێکی ئەو بەجێماو دۆزییەوە.

لە ساڵی 2016 بە دزینی مۆبایل و ڕفاندنی جانتای ژنان دەستیان بە تاوانەکان کردووە ?دواتر ئۆتۆمبێلی خەڵکیان ڕفاندووە و لە ناوچەکانی عێراق فرۆشتوویانە. بەگوتەی خۆیان، لەکاتی ڕفاندنی ئۆتۆمبێلدا هەرکەسێک خۆی بەدەستەوە نەدابێت و بەرگری کردبێت، کوشتوویانە و تەرمەکەیان شاردووەتەوە.

وەستا حەسەن، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لەبارەی باندەکە بە تۆزی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند لەو کاتەوەی من لێکۆڵینەوە دەکەم و بەڕێوەبەری ئاسایشم، گرووپی وا مەترسیدارم نەبینیوە.

بەڕێوەبەری فرۆشتن لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بەشی وەبەرهێنان و خانووبەرە ڕایەدگەیەنێت، لە ژێر چاودێریی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، پێشانگایەکی تایبەت بە وەبەرهێنان و خانووبەرە لە هەولێر دەکرێتەوە. مەیادە محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، بە ئامانجی دروستکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان و چالاکیی بازرگانی و هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی بواری خانووبەرە.

هەولێر... پێشانگایەکی تایبەت بە وەبەرهێنان و خانووبەرە دەکرێتەوە



کەرتی وەبەرهێنان، لە ڕۆژانی 18 بۆ 21ی ئەم مانگە پێشانگایەکی تایبەت بە وەبەرهێنان و خانووبەرە دەکرێتەوە. ناوبراو ڕاشیگەیاند: لە پێشانگاکەدا 150 کۆمپانیا و پڕۆژەی خانووبەرە بەشدار دەبن لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە بە گشتی کۆمپانیاکان لە 10 وڵاتەوە هاتوونەتە هەولێر. ئاماژەی بەوەش دا، پێشانگاکە و چالاکییەکان لە ژێر چاودێریی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/15 ژمارە (5827)
خەبات



نەخشەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت

د. محەمەد شوکری: لە داهاتوویەکی نزیکدا نەخشەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکەین



خەبات: سلێمانی

ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو لە دیوانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی پارێزگاری سلێمانی و د. محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، بە بەشداری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سلێمانی و وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکانی شارەکە و دەوروبەری، کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجامدرا.

ئامانجی کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە کێشە و گیروگرفتەکانی وەبەرهێنان لەئێستادا و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجا و بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردن و پێشکەوتنی پڕۆسەی ئاوەدانی و وەبەرهێنان لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری ڕایگەیاند کە لە کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگی زۆر بە وەبەرهێنان دەدرێت، هەروەها بەرنامەی کاریان ئەوەیە زیاتر جەخت لەسەر دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەتان دەکەنەوە لەگەڵ گرنگیدانی زیاتر بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتووگوزاردا و گوتی: بەپێی ئەو ژمارەیەی لەبەردەست هەیە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە بەهای نزیکەی 50ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە و لە دوای نەمانی قەیرانی دارایی و ئەو شەڕەی سەپێنرا بەسەرماندا، جوواڵەی وەبەرهێنان دەستی پێکردووەتەوە.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان ئەوەشی گوت: گەورەترین کێشەی وەبەرهێنان لە ڕابردوودا ئەوە بووە کە وەبەرهێنەر خۆی خاوەنی بیرۆکەی پڕۆژە بووە و لە داهاتوودا وەک حکوومەت و دەستەی وەبەرهێنان ئێمە دەبینە خاوەنی بیرۆکەی پڕۆژە، هەروەها بەنیازین لە داهاتوویەکی نزیکدا نەخشەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین بۆ ئەوەی بە پڕۆژەی ئامادەوە وەبەرهێنەران بانگ بکەین بۆ کارکردن و هەموو ئەو لەمپەرانەی لە پێش وەبەرهێنان هەبووە نەیانهێڵێن. لە لای خۆیەوە پارێزگاری سلێمانی، هەڵوێست ئەبوبەکر ئەوەشی گوت کە لە ڕێگەی ئەم جۆرە کۆبوونەوانەوە دەیانەوێت هیچ بۆشاییەک لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی نەمێنێت و هەموان بە بەرنامە و کاری هاوبەشەوە کارەکان ئەنجام بدەن.

هەڵوێست ئەبوبەکر گوتی: حکوومەت بڕیاری ئەوەی هەیە هەموو ئەو ڕێگریانەی لەبەردەم پڕۆژەکان هەیە لایان ببات و پشتیوانیان بکات و لە بابەتی نرخی کارەبا و ئەو خزمەتگوزارییانەی لەسەر حکوومەتە پشتیوانیان دەکات، ئەوانەش هەموو بووەتە بڕیار و پشتیوانی وەبەرهێنان دەکرێت.

لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا

حەوت زانکۆی بیانی بۆ ڕووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواری دێنە هەولێر



خەبات/ عەلی بانیشاری

لە 15ی ئەم مانگەوە تا سەرەتای مانگی 11بەمەبەستی ڕووپێوی و کنەوپشکینی شوێنەواری حەوت زانکۆی بیانی دێنە هەولێری پایتەخت. بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر دەڵێ: دەمانەوێت لەگەڵ زانکۆ بیانییەکان بەردەوام بین. ئەو داواشدەکات کارئاسانی زیاتر بۆ کارکردنی زانکۆ بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان بکرێت.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار سالانە زیاتر لە 30 زانکۆی و پەیمانگای بیانی بۆ ڕووپێوی و شوێنەواری دێنە باشووری کوردستان.

نادر بابەکر، بەڕێوەبەری شوێنەواری بە(خەبات)ی گوت: هاتنی تیمە شوێنەوارییەکان بۆ باشووری کوردستان چەند سوودێکی هەیە لەوانەیش: ناساندنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی میژوویییەوە، ئەنجامدانی دەیان وۆرک شۆپ و بە چاپگەیاندنی چەندین کتێب. گوتیشی: لە ڕووی زانستییەوە زانکۆ بیانییەکان لاپەڕە تاریکەکانی میژووی کوردستان هەڵدەدەنەوە. ناوبراو ڕایگەیاند: کارکردنی تیمە بیانییەکانی بواری شوێنەوار بووەتە هۆی ئەوەی چەندین کادری شوێنەواری دروست ببێت. نادر بابەکر باسی لەوەشکرد لە ڕووی ئابووری و گەشتیارییەوە ئەو زانکۆیانە سوودێکی زۆریان بۆ باشووری کوردستان هەیە، چونکە بڕە پارەیەکی زۆر لێرە خەرج دەکەن و ژمارەیەکی زۆری گەشتیاریش سەردانی شوێنەوار شوێنەواریيەکان دەکەن.

ئەو زانکۆیانەی بەمەبەستی ڕووپێوی و هەڵکۆڵینی شوێنەواری دێنە هەولێر پێکهاتوون لە زانکۆکانی (هارڤاردی ئەمریکی، شیکاگۆی ئەمریکی، میلانۆی ئیتالی، سۆربۆنی فەرەنسی، کۆلێژ دفرێنسی فەرەنسی، کاتۆلیک/پازمانیای هەنگاری، پەیمانگای بەرلین). گرێبەستی زانکۆ بیانییەکان بۆ کارکردن لە باشووری کوردستان بۆ ماوەی 5ساڵە. پاش ئەو 5 ساڵە ئەگەر پێویستی کرد ڕووپێوی یان کنەوپشکنینی شوێنەواری بەردەوام بێت ئەوا گرێبەستی زانکۆ بیانییەکان لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەوە نوێ دەکرێتەوە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر ئاشکرای دەکات لە ئەنجامی ڕووپێوییە شوێنەواریيەکاندا نزیکەی هەزار شوێنەواری تۆمارکراون. نادر بابەکر داوا دەکات هاوکاری و کارئاسانی زیاتر بۆ زانکۆ و پەیمانگا بیانییەکانی بواری شوێنەوار بکرێت تا بەردەوامی بە کارەکانیان لە بواری شوێنەوارییەکاندا بدەن. ناوبراو دەشڵێت: ئەگەر کارئاسانی بۆ زانکۆ بیانییەکان نەکرێت ڕەنگە بۆ کاری شوێنەواری ڕوو لە باشووری عێراق و وڵاتانی دراوسێ بکەن.

ئەو باس لەوەشدەکات هەندێک کات بەهۆی هەڵکۆڵینە شوێنەواریيەکانەوە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان و کولتووری خەڵکی ناوچەکە دروست دەبێت، بۆیە پێویستە بەوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.



بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر: لە ئەنجامی ڕووپێوییە شوێنەواریيەکان نزیکەی هەزار ناوچەی شوێنەواری لە سنوری پارێزگای هەولێر تۆمارکراون

گەورە لە بواری میژووی دێتە کایەوە. بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر دەشڵێت: ئەو میژووەی کە پێشتر لە لایەن بێگانە و کەسانی دژ بە میلەتی کورد نوسراوە ڕەنگە هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان ڕاستی بکەنەوە و میژوویەکی کۆنتر و پرشنگدارتر دەربکەوێت. نادر بابەکر ئەوەشی گوت: پێیان خۆشە لەگەڵ تیمە بیانییەکان بەردەوام بن. ئەو داواشیکرد زیاتر گرنگی بە شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان بدرێت.

ئاماژەی بەوەشدا لە هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکانی مرۆڤ لە ڕابردوودا و چۆنییەتی بەخێوکردنی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی خۆراک و چۆنییەتی دروستکردنی یەکە بیناسازییەکان و خۆ بەڕێوەبردن و چۆنییەتی بازرگانیکردنی نەتەوە کۆنەکان ئاشکرا دەبن. نادر بابەکر هەروەها گوتیشی: کوردستان میژوویەکی هەیە لە میژووی زۆرینەی وڵاتانی جیهان کۆنترە، بۆیە دەبێت شوێنەوارییەکانی ئەو وڵاتانە بپارێزرێن و ببنە شوێنی سەردانی خەڵکی جیهان و ببنە سەرچاوەیەکی داهات بۆ وڵاتەکەمان.



بەکر کەریم حەسەن*

بەرپرسیاریەتی گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانەکان

هەروەکو پێشینان دەڵێن" قوتابی ئەمانەتە و مامۆستاش وێژدانە".
بێگومان گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانەکان یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی قوتابخانە بەتایبەتی و کۆمەڵگەش بە گشتی. قوتابخانەکانی ناحکومی و حکومی پێویستە بەرپرسیارانە و پەروەردەییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بابەتە بکەن، قوتابیان ئەمانەتی کۆمەڵگەن لای قوتابخانەوە دایک و باوکی قوتابیان بەردەوام پەرۆشن و دوو دڵ و ڕاڕان لە چۆنیەتی گواستنەوە و گەیاندنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە و باخچەکان، پێویستە کارگێڕی قوتابخانە ئەو ترس و دڵە راوکێیەی دایک و باوکان بڕەوێنێتەوە ئەویش گرنگە لە سەرەتادا منداڵی بچووک و گەورە تێکەڵ یەک نەکرێن لە ناو یەک پاس دا، بەڵکو پێویستە جیاوازی تەمەنیان کەم بێت. واتە قوتابیەکی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لەگەڵ قوتابیەکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە هەمان پاسدا نەبن، لەوانەیە کۆمەڵێ کێشەو گرفتی دەروونی بۆ قوتابیانی تەمەن بچوک دروست بکات، ڕەنگە بیێتە هۆی ڕق هەستان و دوورکەوتنەوە و هەڵاتن لە قوتابخانە و یانیش ببێتە هۆی ڕووخان و ڕمانی نەڕێنی لە پاشە ڕۆژ چارەسەری ئاسان نابێت، هەروەها شوفێری پاسەکان پێویستە کۆمەڵێ ڕێنمایی و ڕێککاری بۆ دابنرێت و پەیڕەوی بکەن، لەلایەن (ئەنجومەنی باوکان و دایکان و دوو نوێنەریش لە مامۆستایان) چاودێری بەردەوامی پاسەکان بکەن. هەر لە ڕێگای ئەو ئەنجومەنەوە پاس دابین بکرێ بەرێوەبەر و یاریدەر لەو ئەنجومەنە نەبن ئەوان ڕۆڵی چاودێری کردن و بەدواداچوون ببینێ .
ئەو ڕێنمایی و ڕێککارانەی دەبێت شوفێرەکان پابەندبن، پێویستە هەڵسوکەوت و ڕەفتارو گوفتاریان پەروەردەیی بێت لەگەڵ قوتابیان، قوتابیان بە کچ و کوڕی خۆیان بزانن و پێگەیشتوو و شیاو بن و خاوەن شارەزایی باش بن لە هاژووتن و هەست بەبەرپرسیاریەتی ئەرکەکەیان بکەن و گرنگە خولی ڕاهێنان بە سەرجەم ئەو شوفێرانە بکرێت کە قوتابیان دەگوازنەوە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە لە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ قوتابیان و مسۆگەرکردنی پابەندبوونیان و ووشیارکردنەوەیان و جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکان و ڕێککارەکان و چۆنیەتی هاژووتن و خێرا لێ نەخورین و جگەرە نەکێشان و مۆبایل بەکارنەهێنان لە کاتی هاژووتن و نەخواردنی خواردن وخواردنەوە لە ناو پاس لەلایەن شوفێرەوە چۆنیەتی ڕاوەستان و بگرە لە ناو پاس نابێ گۆرانی نا پەروەردەیی بگوترێ و پاسەکان پەردەیان نەبێت بێ کێماسی بن، پێداویستییەکانی فێنکەرەوەکان و گەرم کەرەوەیان هەبێت لەگەڵ کۆمەڵێ ووردەکاری تر، ئەو خولانە لەلایەن پسپۆڕ و شارەزایانەوە بگوترێنەوە لەلایەن ئەنجومەنی قوتابخانەکان بەدوا داچوون بکرێ. هەروەها بوونی سەرپەرشتیار یانیش هاوەل بۆ قوتابیان لە ناو پاسدا گرنگە و پێویستەهەبێت، لەلایەن ئەنجومەنی قوتابخانە دیاری بکرێت بەشداری خولیان پێ بکرێت، لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە دڵنیایی زیاتر دەداتە دایک و باوکی قوتابیان و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایانیش.
جەخت دەکەمەوە پێویستە دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکان خۆیان بە دووربگرن لە بابەتی گواستنەوەی قوتابیان بەهیچ شێوەیەک پەیوندییان بە شوفێر و گرتنی پاسەکان نەبێت، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکی ئەوان بەدوا داچوون و چاودێری کردن بێت، وە قوتابخانەکان نابێت لایەنی قازانج لە پێش لایەنی پەروەردەیی ڕەچاوبکەن، چونکە تاوانێکی پەروەردەیی ترسناکە. ئەرکی قوتابخانەکان گرنگیدانە بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن لە پێش هەموو شتێکی تر، لە بیرمان نەچێت گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانەکان زۆر گرنگە و پێویستە بە ووردی ڕەچاوی بکەن لە لایەنی پەروەردەیی و ڕەفتاری قوتابییەکان و بەها بنچینەییە پەروەردەییەکان لە پێش هەموو شتێکی تردەوەن.

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر**





نیوەی دەرچووانی پۆلی 12 ناتوانن بێ بەرامبەر بخوێنن

ئەمساڵ ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی خوێندنی زانکۆ زیاترە لە ژمارەی دەرچووانی 12ی ئامادەیی



خەبات / ڕۆژشنا عدلی

ڕۆژی (١٠/٩/٢٠١٩) لەهۆڵی ڤیدیۆ کۆنفرانس لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەربارەی پلانی وەرگرتن بۆدەرچووانی دوانزەی ئامادەیی ڕێکخراو هەریەک لە (د.خەتاب ئەحمەد مستەفا) بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان بەوەکالەت و (د.جەمال کەمال) یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان و (ئارام ئیبراهیم) بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن و (ئیبراهیم ڕەشید) بەڕێوەبەری خوێندنی تایبەت ئامادەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بوون.

زانکۆ لایەن کارا دەکرێت سەبارەت بە وادەی ڕاگەیاندن و کاراکردنی سیستەمەکانی وەرگرتن د.خەتاب ئەحمەد ڕایگەیاند: لە ئەمڕۆ ویبسایتی (www.regayzanko.com) بۆدەرچوانی خولی یەکەم و دووەمی دوانزەی ئامادەیی تا سەعات (١٢)ی شەوی ڕۆژی (٢٠/٩/٢٠١٩) واتە بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ کارا دەکرێت، بەوەش دەرچوانی پۆلی (12)ی ئامادەیی دەتوانن فۆرمی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان پڕبکەنەوەو پێشکەشی سیستەمەکە بکەن، بۆ خوێندنی تایبەتیش بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان سێشەمە کە دەکاتە ڕێکەوتی (١٠/٩/٢٠١٩) لە سەعات (٥)ی ئێوارە

وەزارەتی خوێندنی باڵا هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی کرێی گشتی خوێندن چڕکردۆتەوە، ئەمەش پاڵپشت بە خاڵی ١٣ لە کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



هاوکاری دەرچووان هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا د.خەتاب ئەحمەد وتی: بۆ بەرچاوڕونی زیاتری دەرچوانی پۆلی دوانزە و ئاشنابونیان بەسیستەمەکانی وەرگرتن (زانکۆلاین، پاراڵێل، ئێواران و خوێندنی تایبەت) دەتوانن سەردانی سەنتەری ڕاوێژکاری زانکۆکان بکەن بۆ ڕونکردنەوەی پێویست لەسەر چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتن بەسیستەمەکە وتی: زانکۆ تایبەتەکان لەئەمڕۆوە دەتوانن فۆرم بەسەر خوازیاران لەخوێندنی تایبەت دابەش بکەن، هەروەک جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە دەرچوان دەبێ بەبەکارهێنانی هەمان ناوی بەکارهێنەرو وشەی تێپەڕ (یوزەیەر نەیم و پاسۆرد) کە پێشتر لە خوێندنگەکانیان وەریانگرتۆتەوە دەتوانن فۆرمی وەرگرتن پڕبکەنەوە.

ژمارەی کورسی خوێندن

سەبارەت بەپلانی وەرگرتن بۆ خوێندنی ئەمساڵ، بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان بەوەکالەت پلانی وەرگرتن بەهەرسێ جۆری خوێندن (گشتی، پاراڵێل، ئێواران) ڕوونکردەوە، بەجۆرێک بۆ خوێندنی گشتی (٢٤٧٨٤) کورسی خوێندن و بۆ خوێندنی پاراڵێل (١٠٥١٤) کورسی خوێندن و بۆ خوێندنی ئێواران (١١٥٧٧) کورسی خوێندن تەرخانکراوە، بەم شێوەیەش لە زانکۆ حکومیەکان (٤٦٨٧٥) کورسی خوێندن تەرخانکراوە و بۆ خوێندنی تایبەتیش (٢٣٧١٤) کورسی خوێندن بۆ دەرچووان تەرخانکراوە، بەم شێوەیەش کۆی کورسی خوێندن بەهەردو جۆری حکومی و تایبەت (٧٠٥٨٩) کورسیە.
سەبارەت بەژمارەی دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی وتی: وەزارەتی پەروەردە ناوی (٥١٩٣٣) بۆ ئێمە ڕەوانە کردووە کە (٣٦٣٥٠) دەرچووی زانستی و(١٥٥٨٣) دەرچوی وێژەیین، بەو شێوەیەش ژمارەی کورسیەکانی خوێندن زیاترە لە ژمارەی دەرچووان.

کرێی خوێندن سەبارەت بە کەمکردنەوە و کرێی خوێندن بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان بەوەکالەت وتی:

وەزارەتی خوێندنی باڵا هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستە چڕکردۆتەوەو پلانی کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی هەیە، ئەمەش پاڵپشت بە خاڵی ١٣ لەکارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانمان دەست پێکردووە.

مینبەری ئێمە سایت و پەیجی وەزارەتی خوێندنی باڵایە

د.خەتاب ئەحمەد سەبارەت بە هەبوونی پەیج و ئەکاونت بەناوی زانکۆلاین و ناوەندی وەرگرتن وتی: ئێمە وەک ستافی وەرگرتن هیچ جۆرە پەیج و ئەکاونتێکمان نیە بەناوەکانی زانکۆلاین و ناوەندی وەرگرتن یان هەر ناوێکی دیکە، بەڵکو تاکە مینبەری گەیاندنی ڕێنماییەکانی ئێمە لەپێگەی سایت و پەیجی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە.

د.خەتاب ئەحمەد:

ئێمە وەک ستافی وەرگرتن هیچ جۆرە پەیج و ئەکاونتێکمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیە بەناوەکانی زانکۆلاین و ناوەندی وەرگرتن

جیاوازەکان، وتیشی: ئەوەش دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی دەرچوان بەر لەوەی فۆرمی وەرگرتن پێشکەش بکەن و ئاگاداری وردەکارییەکانی سیستەمەکە بن و هەوڵ بدەن بە ئامادەبونی خۆیان فۆرمەکانی بۆ پڕبکرێتەوە.

وەرن باهاوکاری وەزارەتی پەروەردە کابینەی 9 بکەین



فەیسەڵ مستەفا حاجی

چوارەم :پڕۆگرامی زمان و ئەدەبی کوردی لەو قوتابخانانەی خوێندنییان بە زمانی عەرەبییە

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی عێراقی پێدا تێپەڕی ، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕوویان لە هەرێم کردوو سەرەتا لە قوتابخانە ئاساییەکانی خۆمان ژ لە خوێندنی عەرەبی وەرگیران و دواتر ژمارەیان زۆر بوو قوتابخانەی تایبەتییان بۆکرانەوە ، شتێیەکی سروشتییە کە زمانی کوردی لەم قوتابخانانە بخوێنرێت .
دیمان کە بارودۆخەکە زۆری خایاندو تا ئێستاش زۆربەیان هەر لێرەن و نەگەڕاونەتەوە .
لەسەرەتای وەرگرتنی ئەم قوتابیانە وبۆ ماوەیەکی زۆر دڕێژ شێوازی ئامادەبوونیان لە پۆل لەوانەی بابەتی زمانی کوردی ئەزموونەکانیان و ژماردن و نەژمارەدنی نمرەکانییان لەم بابەتە لە ئەنجامی کۆتایی ساڵ و وەرگرتنی دەرچووەکانیان لە کۆلێژو پەیمانگاکان بە زۆر قۆناغدا تێپەڕی ، تا گەیشتە ئەمڕۆ کە پێویست ناکات بە دوورو درێژی باسی بکەم .
بابەتەکەم لەسەر خوێندنی پەڕتوکی(زمان و ئەدەبی کوردی) یە کەلەو قوتابخانانە دەخوێنرێت کە خوێندنییان بە زمانی عەرەبییە ، و زمانی دایکی قوتابییەکان کوردی نییە .
ئەم پەڕتوکە بۆ قوتابیانی کورد دانراوە کە ڕێزمان و ئەدەب بە هەموو بەشەکانییەوە دەگرێتە خۆی تەنانەت وشەو ڕستەو دەقی دیالێکتی کرمانجی باکوریشی تێدایە کە زۆر گرنگە قوتابیانی کورد بیخوێنێت و ئەوپەڕی بایەخی پێ بدات ، چونکە زمانی خۆیەتی و زمان دنگەییێکە لە دنگەکانی نەتەوایەتی ، بەڵام ئایا پەند لەوەدا چییە کە قوتابییەکی ئاواڕە کە خۆمان ناوی میوانمان لێناوە ، بە شێوەیەکی کاتی لە هەرێم دانیشتووە ،شوێنی پێشووی ئارام بێتەوە دەگەڕێتەوە میژووی ژیانی شاعیران و چیرۆکنووس و نوسەرانی ترو بەرهەمەکانییان بخوێنێت؟
تکا لە پەیوەندیدارە بەڕێزەکان دەکەم کە بیر لەم بابەتە بکەنەوە ، من پێم باشە پڕۆگرامێکی تایبەت بۆ ئەم قوتابی و قوتابخانانە دابنێن کە بەراستی فێری زمانی ئاخاوتنییان بکەین، لە هەمان کات زمانی کورییان خوش بوێت و ڕێزی لێبگرن ، ئەگەر هەڵە نەبم پڕۆگرامێکی لەو شێوەیە بۆ پۆلەکانی یەکەم.



شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

لە یادی 58مین ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول،ئەو شۆڕشەی کە پانتاییەکی جوگرافیای بەرفراوانی گرتەوەو درێژترین شۆڕشی کورد بوو لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بە سەرکردایەتی باوکی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر کە بە خۆی سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە و پارتی و پێشمەرگەکانی و خۆڕاگری جەماوەری کوردستان کە هەمووبان پێکەوە شۆڕش و بەرخودانیان کرد.بە پێویستمان زانی چاوپێکەوتنێک لە گەڵ پێشمەرگەی ئەم شۆڕشە ساز بکەین.



لە پیرمام چاومان بە پێشمەرگەی ماندوونەناسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان مام (یەزدین کۆزلەکی) کەوت کە ڕۆڵێکی قارەمانانە هەبووە لە هەموو داستانەکان بەمشێوە باسی خەباتی پێشمەرگایەتی خۆی دەکات: لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بریاری ئێمە بریاری بارزانیی نەمر بووە، ژیانی ئێمە ژیانی بارزانیی نەمر بووە لە پێش چوونمان بۆ بادینان بارزانیی نەمر ئێمەی کۆکردەوە وە فەرمووی لەو سەفەرە هەر کەسێک بێت دەبێ بزانی ڕێگای مان و نەمانمان لە پێشە بۆ ئاواتەکانی کوردستان و دواتر چوونە بادینان ، بارزانیی نەمر دیسان فەرموو قەد ئێوە لە بیرناکەم چونکە ئێوە لەو زەروفەدا بریاری مردنتان لەگەڵ من دا ، بارزانیی نەمر بە ڕابەریکی ئاشتیخواز و عەدالەتخواز ناسراو بووە بۆیە ئیرادەمان هەبووە و سەرکەوتنێکی زۆرمان بەدەست هێنا و شەڕ لە بادینان و چیای ئاکرێ و پیرس و زاوێتە و چەندەها تری بەشداریمان کرد بە ئەو ئیمکانیەی کەم کەهەمان بوو توانیان دوژمن وناحەزانی کورد شکست بدەین وشۆڕش و عەدالەتی بارزانیی نەمر ڕۆژ بە ڕۆژ چوویە ناو دڵی خەڵک بۆیە هەمیشە خەڵکی دەڤەری بادینان وەکو دەڤەرەکانی تری کوردستان خەڵک بە هەموو ڕوویەکەوە پێشوازییان لە شۆڕش کرد وهەرچی پێداویستیەک هەبووایە بۆ شۆڕشیان پەیدا دەکرد و ڕۆڵیان جوامیرانە بوون و ئەوان لە ڕووی ئیمکانیات و خواردن و پیداویستەکان لە گەڵ ئێمە دا بوون و ئەو دەڤەرەش دەورێکی ئەساسی شۆڕشیان هەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی دەڤەری بادینان هەستی کوردایەتیەوە خەباتیان بۆ ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی کردووە. ئەم شۆڕشە سەرتاسەری بوو و هەموو چین و تۆێژێک بەشداری تێدا کرد، بۆیە بارزانیی نەمر لەگەڵ پێشمەرگەکانی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی شۆڕش توانی پەیوەندی بە هەموو ناوچەکان بکات.

بارزانیی نەمر هەرچی لەشکر لەوی بوو وەک چیایەک لە شوێنک کە قوەتی سیار لەوی بوو واتە لە پێش قوەتی سەیاردابووە، ئەو تەنها بۆ کودایەتی هەمیشە چەکی لە شان بوو و بارزانیی نەمر خۆراگر بووە و ئەو بیروباوەڕ و هەستی نەتەوایی و کوردایەتی بارزانیی نەمر بۆیە ئامادەبووین خۆراگر و چاونەترس بین تاکو خۆمان فیدای کوردستان بکەین.

لە پیرمام چاومان بە کادیر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان (حاجی یاسین ئیسماعیل زاخۆیی) کەوت دەکاتە بەرازای شەهیدی فەرمانده (عەلی هالۆ زاخۆیی) و بۆ 3 شەهیدی قارەمانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شەهید(ڕەمەزان زاخۆیی) و شەهید (تەها زاخۆیی) و (قاسم زاخۆیی) و هەروەها دەکاتی خالی شەهید(مەحمود هالۆ)، بەڕێزیان بەمشێوە هاتە ئاخەوتن: شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەری بووە و بارزانیی نەمر لە دەڤەری بادینان شۆڕشی بەرپا کرد و جەماوەر و خەڵکی ئەو دەڤەرە کە بگرە لە هەموو چین و تۆێژێکەوە چوونە پاڵ شۆڕشی بارزانیی نەمر کە کوردایەتی بووە ئەو شۆڕشە کە بتوانین مافەکانی کوردستان بەرجستە بکات و بارزانیی نەمر بە خۆی پێشمەرگەکانی لە دەڤەری زاخۆ تا کو خانەقین شۆڕشیان کرد وبەرگریان لە کوردستان کرد و هەر لە ناوچەیەک زوڵم و زۆرداری هەبوایە نەیدەهێشت، شۆڕشەی مەزنی ئەیلوول شۆڕشە درێژپێدەری شۆڕشەکانی تر بووە و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێکی بەرفراوان بووە و بەیانی 11 دەسکەوتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولکادیرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەورێکی گرنک و باش هەبووە و کیشەکانی میللەتی چارەسەر دەکرد ومن بە شانازیەوە کادیر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە دەڤەری زاخۆ بووم کە لەگەڵ مامی قارەمانمان شەهیدی فەرمانده عەلی هالۆ زاخۆیی دابووم کە لەگەڵ شەهیدی فەرمانده عیسا سواری سێلکی ئامیر هێزی زاخۆ بووە ، پێشمەرگەکان هێزی مەعنەوەیی بەرزیان هەبووە و بەتایبەتی دەڤەری ئێمە کە ڕۆژانی خەڵک بە مالۆ ونانی خۆیان هاوکاری شۆڕش دەکرد و جەماوەریش پاڵپشتی شۆڕش بوون، هەروەها چەندەها جار لە شکست دەخوات، چونکە میللەت لە گەڵ ئێمە دایە بۆیە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەسەروکایەتی بارزانیی نەمر گەورترین دەسکەوتی بەدەستهێنا.



پەیامنێری خەبات و مام (یەزدین کۆزلەکی)

خەباتکار مام(یەزدین کۆزلەکی) لە بارەی هەندێک لە بیرەوەرییەکانی لە شۆڕشی مەزنی لەگەڵ بارزانیی نەمر و پێشمەرگەکان دا گوتی: لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بارزانیی نەمر هەموو کات شان بە شانی ئێمەی پێشمەرگە لە پێشەوەی شەڕەکان دابووە و گەورەترین نەخشەی بۆ دوژمن دادەنا کە سەرکەوتنی زۆر بەدەست دەهێنا ، بارزانیی نەمر کەسێکی چاونەترس و هێزی خۆی لە تانک و فرۆکە دەهاتە سەرمان بەڵام دیسان ئێمە هەر خۆڕاگر و دڵێرانە شەڕی مان و نەمانمان دەکرد کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی حەکیمانەی بارزانیی نەمر ،بارزانیی نەمر ڕابەریکی بە قەناعەت بوو لە ژیانی خۆی وەک پێشمەرگە دەژیاو لە ڕووی جلوبەرگ و خواردن چ جیاوازی نەبوو لەگەڵ پێشمەرگە هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری میللەتی دەزانی، بۆیە بارزانیی نەمر هەمیشە لە ناو ئێمە پێشمەرگە خۆی دەناساندو ئەگەر نانێک هەبوایە لەگەڵ پێشمەرگە پێکەوەیان دەخوارد، لای بارزانیی نەمر هەمیشە هانی پێشمەرگەکانی دەدا و وردەی پێشمەرگەکانی بەرزر دەکردەووە ، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێشمەرگە گیانفیدا بوون ڕۆژانە هەبوو ئێمە چەندین شەڕمان دەکرد لەگەڵ دوژمن کە تەواوی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کۆبوونەوەکان بارزانیی نەمر لەگەڵ جەماوەر و کادیر و پێشمەرگەکان بەشداربووم کەهەمیشە بارزانیی نەمر دەیفەرموو: دەبێ خوا و میللەت لە خۆمان ڕازی بکەین و پێویستە ئەو کەسانەی کە کاروباری ئەم میللەتیان لە دەست دابێ و دەبێ ئەو کەسانە بە دڵسۆزانە ئەرکی خۆیان بە دروستی بکەن و نابێ بە دوای نەفسی خۆیان بڕۆن ئەو شۆڕشی دەچووینە گوندەکانن و هەتا کۆبوونەوەمان لەگەڵ جەماوەر دەکرد و هەمیشە دەبێ خزمەت بە میللەت بکەن و کادیر بەرپرسیارە کە میللەتی بیپارێزە بۆیە بارزانیی نەمر هەمیشە ئێمەی کادیران ئاگادار دەکرد کە دەبێ کادیر ڕاست و دروست بێت بۆ گەل و نیشتمانی و لە هەموو زەروفێکدا هەوڵ بدات خزمەتی گەل بکات بۆیە ئێمەی کادیرەکانی هەرێەک خۆمان بە بەرپرسیاری ئەرکەکانمان دەزانی بۆ خزمەتکردن بە گەل. بۆیە بارزانیی نەمر داوای لە حزب و پێشمەرگە و کادیرەکان دەکرد کە هەتا ئاخرین نەفس بەرگری لە خۆیان بکەن بۆیە بارزانیی نەمر هەمیشە دەیگوت ئەگەر میللەتی کوردستان لە گەڵمان دا بێت دوژمن هەزارجار بە هێز بێت بوون و نەبوونی خواردن و جلوبەرگ لای گرنگ نەبوو بەڵکۆ هەڤاڵێتی لە گەڵ پێشمەرگە پێ خۆش بوو، هەمیشە ئامۆژگاریەکانی بارزانیی نەمر لە کاتی شەڕ دا ئەوە بوو کە دەبێ سەبر و ئومێدتان هەبێت و نابی هیچ کاتێک خۆتان بە گەورە بزانن، بەڵکو ئێمە خزمەتکاری خەڵکی کوردستانین، بۆیە بارزانیی نەمر هەمیشە دەویست هەموو خەڵکی کوردستان تێکەڵ بکات بۆ ئەوەی کوردایەتی بە هێز بێت و بۆ نمونە من لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێشمەرگەی دەڤەری بارزان بووم لە دەڤەری بادینان خزمەتم دەکرد یان پێشمەرگە زاخۆ یان خانەقین و دهۆک و سلێمانی و هەولێر هەریەک لە شوێنی تر ئەو هەست بوون بە کوردستان و بێ جیاوازی بوو کە دەبێ یەک و تەبا بین بۆ کوردایەتی .بارزانیی نەمر هیچ کاتێک خۆی لە ئێمەی پێشمەرگە جیا نەدەکرد و خۆی بە خزمەتکاری میللەتەکەی دەزانی و ئێمەش شوێن هەڵگری ئەو بووین لە لای خەڵک خۆشەویست بوو.



(حاجی یاسین ئیسماعیل زاخۆیی)

کادیرو پێشمەرگە(حاجی یاسین ئیسماعیل زاخۆیی)لە بارەی عەدالەتی بارزانیی نەمر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا گوتی: بارزانیی نەمر هەمیشە لە گەڵ حەق بووە و دەیگوت مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆ بێت و ئەو بەرپرس و کەسانەی کە خزمەتیان بە میللەت نەدەکرد شوێنان نەبوو لای، بارزانیی نەمر هەمیشە لە گەڵ حەق بوویە بۆیە شۆڕشی لە پێناو کوردایەتی بەرپا کردبوو کورد لە بیر نەدەکرد بۆیە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری کوردیتان لە دەوری بارزانیی نەمر کۆبوونەوە لە شۆڕشی ئەیلوول چونکە هیچ جیاوازیەک نەبوو لە ناو میللەت و جەماوەر یەک بوون و هەتا لەو شۆڕشەدا ڕابەری کورد بارزانیی نەمر هەموو کاتێک گوند بە گوند سەردانی خەڵک دەکرد کە وەاوکار و پاڵپشتی فەقیر و هەژارانی دەکرد بەڕاستی بارزانیی نەمر عەدالەتێکی زۆربەهێزی هەبوو لەبەر ئەوەی هەموکوردستان لە ژێر فەرماندەیی و سەرکردایەتی بارزانیی نەمر و پارتیمان کۆبوویتەوە و جەماوەر دەورێکی باڵای هەبووە و هەتا چینی ئافرەت و قوتابیان و لاوانیش وجەماوەر لەم شۆڕشەدا بەشداری بێ وێنەیان هەبوو، مام و 3برام و کەسوکارم لە سەر ئەو ڕێبازە شەهید بوونە و هەرخۆم بە پێشمەرگە و کادیری ڕێبازی بارزانی و پارتی دەزانم و تاکو مردن بەردەوام دەبم و هەروەها سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی ئەوانیش لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ڕۆڵیان هەبووە و درێژەپێدەری ڕێبازی باوکیان بوون و شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد کە ئەوەی ئێستا ئێمە تێدایینە بەرهەمی خەباتی بارزانیی نەمر و پێشمەرگە قارەمانەکان و بەرهەمی خوێنی شەهیدانە.

لە کۆتایی دا بۆ یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مام(یەزدین کۆزلەکی) گوتی: دوای نەکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەیی ئێران بووین و بەهەمان ڕوحیەوە بەشداریم لە شۆڕشی گوڵان کرد بە سەرۆکایەتی شەهیدی هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و بەشداری چەندەها داستانم کرد ئەمرۆ کە یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەین یادی ڕۆژگاری سەختەکانم دەکەین کە لە گەڵ ڕابەرمان بارزانیی نەمر بۆ کوردستان خەباتمان دەکرد یادی شۆڕشەکان دەکەینەوە و یادی شەهیدەکانمان دەکەین داوا بکەم کە یەک هەڵوێست و یەک بیرۆچوون بین پاڵپشتی سەرۆک بارزانی بین کە بۆ تەبایی و ئارامی، ئەمڕۆش نەوەکانی بارزانیی نەمر کە هەریەک بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان خزمەت دەکەن کەئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەوانیش بەهەمان ڕێبازی باوک و باپیران بەردەوام بۆ خزمەتکردن بە کوردستان. سوپاس بو ئێوەی بەڕێز و ڕۆژنامەی خەباتان دەکەم کە ئێمە بە سەر دەکەنەوە،لە یادی 58 ساڵەی بوونم بە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پڕ بەدڵ پیرۆبایی خۆم ئاراستەی هەموو پێشمەرگەکانی قارەمانی کوردستان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان دەکەم و هەزاران سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان و سەروەریان بارزانی باوک و کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد.

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی شۆڕشی گۆماتای ماد

کەمال نوری مەعروف

سەرەتەلەمێک:
دەمێکە بیرم لەوە کردۆتەوە لەسەر شۆڕشی گۆماتای مادو هەوادارانی بنووسم، بەڵام کەمی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژوویی پێویست ناچاریکردم ئەو نووسینەم دوا بخەم بۆئەوکاتەی سەرچاوەم لا کۆدەبێتەوە. لە ئێستادا ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا بە هۆی بوونی سەرچاوەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسایەتییەی مادو هەوادارانی، تاوەکو بە خۆێنەری کوردی بگەیەنم کە بۆچی دژی دەسەلاتی داریۆشی گەورەی هخامەنشی شۆڕشی بەرپا کرد.

2 کۆتایی

بەراوردێک لە نێوان هەردوو ئایینەکەدا دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە مادەکان سەرچاوەی ئایینەکەیان لە کەلتورێکی کۆنترەوە وەرگرتووە، یان بۆیان ماوەتەوە کە ڕەگو ڕیشەکەی پێدەچێت ئایینی ڕێگ ڤیدایی بێت. بەڵام هاخامەنشییەکان کە زیاتر لەسەردەمی داریۆشدا ئایینی زەردەشتییان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەسەردا سەپێنراوە واتە لە دەسەلاتی پاشاوە بۆ خوارەوە بۆ گشت خەڵکی هاتووتەخوارەوە. ئەمە حاڵەتێکی دەروونی لە ناو مادەکانا خستۆتەوە کە نەیان توانیوە هەروا بەئاسانی لە هەزاران ساڵەی ئایینی باوک و باپیریان دەست هەڵبگرن، نمونەی لەبەر چاویش بۆ ئەمە شۆڕشەکەی(گۆماتا)یە.

بەپێی سەرچاوەکان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زەردەشتییەکان لەسەرەتای ڕۆژگاری هاخامەنشیەکانداکە، کەمینەیەکبوون،بە شێوەیەکی ئارام و مەنتقی ئایینی خۆیان بلێوکردۆتەوە. بەڵام مووغەکان سەرچاوەی ئایینی ڕێگ قیدایی بێت. بەڵام هاخامەنشییەکان کە زیاتر لەسەردەمی داریۆشدا ئایینی زەردەشتییان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەسەردا سەپێنراوە واتە لە دەسەلاتی پاشاوە بۆ خوارەوە بۆ گشت خەڵکی هاتووتەخوارەوە. ئەمە حاڵەتێکی دەروونی لە ناو مادەکانا خستۆتەوە کە نەیان توانیوە هەروا بەئاسانی لە هەزاران ساڵەی ئایینی باوک و باپیریان دەست هەڵبگرن، نمونەی لەبەر چاویش بۆ ئەمە شۆڕشەکەی(گۆماتا)یە.

بەپێی سەرچاوەکان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زەردەشتییەکان لەسەرەتای ڕۆژگاری هاخامەنشییەکانداکە، کەمینەیەکبوون،بە شێوەیەکی ئارام و مەنتقی ئایینی خۆیان بلێوکردۆتەوە. بەڵام مووغەکانەوە بووە. سەرنەکەوتنی ئەم ئایینەش بەو جۆرەی ئاماژەمان پێدا تێکەڵبوونی بووە بەدیاردەکانەوە کەسەرچاوەکەی فرە خوایەتییە. هەر ئەو ئایینەش بەردەوامی بووە لە ڕۆژگاری ساسانییەکاندا بەڵام لە ڕووکەشدا بەناوی زەردەشتییەوە ڕەواجیان پێداوەو بووەتە ئایینی ڕەسمی ولێت. سەرچاوەکانی مێژووش لەسەردەمی خشایارشای کوڕی داریۆش دا ئەو توندو تیژییەی بەرامبەر بە ئایینی موغەکان کە لە سەرەتادا کە هەیبووە وردەوردەو لەسەرخۆ کەم بووەتەوە. موغەکانیش کە عەشیرەتێک بوون بە دۆزمنی سەر سەختی ئایینی زەردەشتی ناسراون. هەروەکو ئەوەی(مۆلتۆن،هێرتل،هێرزفیلد ،هۆسینگ،لمان،کۆنیک،ڕاگزین ڕایان لەسەر داوە.

ئایا هۆکاری سەرکەوتنی شۆڕشی(گۆماتا) لەسەرەتادا بۆچی دەگەڕێتەوە:سەرچاوەکانی مێژوو باس لەوە دەکەن کە(گۆماتا) بەئاسانی توانیویە هەموو هۆزەکان بهێنێتە ژێر دەسەلاتی لە پارسداو هەرخۆشی ئەوانی قایلکردووە کەپەیوەندی لەگەڵدا بکەن و لەگەڵ(کەمبوجییە) پەیوەندییان ببڕن!! وادیارە بوونی ئاژاوە گێڕی زۆرو گەندەڵی لە حکومەتداو زۆرداری و لێنەهاتوویی کوڕی کۆرش واتە(کەمبوجییە)(قەمبیز)و تێکچوونی شیرازەی دەسەلێت لەحەبەشە بە هۆی ئەوەیبەشێکی زۆری هێزەکانی و دەزگا ئیداریەکانی کیشوەر لەگەڵ پاشادا لەلەشکر کەشییەکەیدابوون بۆ میسر. ئەمانە کاری شۆڕشیان بۆ(گۆماتا) ڕەخساندووە. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوەی زیاتر هێزو کۆمەکی بە(گۆماتا)داوە ئەوە بوو کە هەموو ئازادەکان بوون بە لایەنگری. واتە هەموو(خەڵکی شۆڕشگێڕو یاخی بووەکان و پارس و مادو کێشوەرەکانی تر لە(کەمبوجییە)جیابوونەتەوەو بوون بەیارمەتیدەری ئەو. لەلایەکی تریشەوە(گۆماتا) بۆ بەهێزکردنی دەسەلێتەکەی هەستاوە بەگرتنی پیاوانی دەربارو ئەوانەی لەگەڵ دەسەلێتداریتی(کەمبوجییە)دا بوون لەوەوبەر. بەڵام ئەوەی لەنووسراوەکەی بێستون دا هاتووە گوایە(گۆماتا)ی موغ پەرستگاکانی خواوەندە ناوچەییەکانی وێران کردووە. ئەم بۆچوونە بەپێی بیرورای(هەرتل وهێرزفیلد) ئەدینە دواوە چونکە موغەکان نومایندەی پیاوی ئایینی کۆن بوون، ئایە ڕەوایە هەڵبستن بەو کارەو دژ بە ئایینی سروشتی خۆیان کاری وا ئەنجامبدەن.



داریۆشی شا

چونکە ئەوانە لایەنگری داریۆش بوون.

دوای گۆماتا:دوای شۆڕشە سەرنەگرتووەکەی(گۆماتا) بەلاپەڕەکانی مێژووی کۆنەوە دیارە مادەکان هەربەردەوامیان بەشۆڕش داوە و کۆتاییان بە مللانێکە لەگەڵ هاخامەنشییەکاندا نەهێناوە. چونکە لەڕامیارییان زیان بەر کەوتبوون و هەستیان زیاتر بەچەوسانەوەو جیاوازی و ئازارو دڵڕەقی ئەوان کردووە. بەهۆی ئەوەی ئەوانە زیاتر بەدوای سەپاندنی دەسەلاتیاندا سەرقاڵبوون کەبەڵگەی زیندوو بۆ ئەمە بەردەنووسراوەکەی بێستونە کە پاشا شانازی بە خۆیەوە دەکات کە چۆن لەگەڵ نەیارانیدا بۆچەسپاندنی تەختەکەی و مانەوەی لە پاشایەتییەکەیدا جەنگاوە بەناوی ئاهۆرامزداوە.

یەکێک لەو سەرکردانەی کەدوای(گۆماتا)ڕاپەڕینی ئەنجامدا(فراوەرتیس) بوو کە یەکێک بوو لەنەجیبزادەکانی ماد. هەنگاوی بەرەوڕاپەڕین ناو هاوڵێتیانی پارس و هێزەکانی و باکوری ئێرانی ئەمڕۆو ئەرمەنستانی بۆلای خۆی برد. لەشەڕی ڕووبەڕوویدا لەگەڵ دارای گەورەدا ساڵی 521ی پ.ز بەکاری هێنان. بەڵام(فراوەرتیس)لەشەڕەکەیدا شکاو بۆلای(ڕەی)پاشەکشەی کرد.

لەجەنگی(باتی کیان)لەخاکی پارت دا ڕۆژی 12ی 6ی 521ی پ.ز هاوپەیمان و یاریدەدەرانی(فراوەرتیس)بەیەکجاری تێکشکان و لە(ئەکبەتانە) بەفەرمانی دارا تیرباران کرا.

بەدوای ئەو هەوڵەشدا شۆڕشی مادەکان هەر کۆتایی نەهات بەڵکو یەکێکی تر لە نەجیبزادەکانی بنەماڵەی کیاکسار بەناوی(چیتران تەخمە)خۆی ناساند ئەمجارەش ئەو هەوڵە، دارا هەربەنەجیبزادەکانی ماد کە لەخزمەتی داریۆش دا بوون کۆتایی بەو شۆڕشە هێنا. (چیتران تەخمە)ش لەشاری هەولێر دەستگیرکراو هەر لەوێش تیرباران کرا. لێرەدا کورد ڕاستی فەرموو دارئەگەر پیرۆزبوون. بەپێچەوانەوە زەردەشت بیناى ئایینەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە کەووە کەدووبارەبووەو تەعدیلکراوی ناو ئایینە کۆنەکەیەوتێیدا ئاهورامزدا خوای تاک و تەنیاو ڕوناکی و دادوەری و یەکسانی بووە. ئەهریمەنیش خوای شەڕو تاریکی و دژ بەشارستانیەت بووە و دواجار ئاهۆرامزدای خوای چاکە بەسەر ئەهریمەنی شەڕدا سەردەکەوێت و خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا هەرئەوندە دەڵێم: نەبوونی یەکێتی لەناو مادەکانداو مللانێتی سیاسیانو سستخۆیگەورە زانینیان بەرامبەر یەکتری بەتایبەتی لە ناو گەورە نەجیبزادەکانییاندا، هەروەها خۆفرۆشتنی بەشێک لەو ماددە دەست ڕۆشتووانە کە بەرژەوەندی خۆیان لەناو ڕژێمی نوێدا دیوەتەوە کەهەردوو شۆڕشەکەی دوایی هەر بەدەستی ئەو گەورە دەسەلێتدارانە لەدوای(گۆماتا) کۆژاونتەوە. ئەمە کۆسپێکی تر بووە لەبەردەمیاندا بۆ یەک نەگرتنەوەیان. نمونەی ئەو جۆرە بەرچاو دەکەوێت بەڵام لەناوەڕۆکدا بۆ دەستخستنی دەسەلێت بووە بەناوی ئایینەوە.

3- خاڵێکی تر کە باسکردنی گرنگە ئەوەیە موغەکان کە هەڵگری بیروباوەڕی میترایی بوون بەلای ناوچەکەوە ئایینی باوکو باپیریان بووە کەگۆڕینی بەلایانەوە کارێکی هێجگار دژوار بووەو لایان ستەمێک بووە کەجێگای ڕازیبوون نەبووە. چونکە جەماوەری بووەو بۆیان ماوەتەوەو لەگەڵیدا ژیاون. بەڵام ئایینی زەردەشتی کەسەرەتای بووە لەسەردەمی داریۆش دا بەلاوازی لای خەڵکی وەرگیراوە چونکە لەو ئایینانە بووە کەپاشا بەسەر ڕەعیەتەکەیدا بەزۆر سەپاندوویەتی. بۆیە بوونی ململانێ لەنێوان ئایینی کۆن کە تۆخمەکەی لەسروشتەوە وەرگیراوە جیاواز بووە لەوەی زەردەشت کە لەناو هاخامەنشییەکاندا بلاوبۆتەوە. نابێت ئەوەش لەیادبکەین ئایینی کۆنی مادەکان کە خۆر پەرستی بووە باوەڕیشیان بەتوخمەکانی تری سروشت بووە کەلایان پیرۆزبوون. بەپێچەوانەوە زەردەشت بینای ئایینەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە کەووە کەدووبارەبووەو تەعدیلکراوی ناو ئایینە کۆنەکەیەوتێیدا ئاهورامزدا خوای تاک و تەنیاو ڕوناکی و دادوەری و یەکسانی بووە. ئەهریمەنیش خوای شەڕو تاریکی و دژ بەشارستانیەت بووە و دواجار ئاهۆرامزدای خوای چاکە بەسەر ئەهریمەنی شەڕدا سەردەکەوێت و خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا هەرئەوندە دەڵێم: نەبوونی یەکێتی لەناو مادەکانداو مللانێتی سیاسیانو سستخۆیگەورە زانینیان بەرامبەر یەکتری بەتایبەتی لە ناو گەورە نەجیبزادەکانییاندا، هەروەها خۆفرۆشتنی بەشێک لەو ماددە دەست ڕۆشتووانە کە بەرژەوەندی خۆیان لەناو ڕژێمی نوێدا دیوەتەوە کەهەردوو شۆڕشەکەی دوایی هەر بەدەستی ئەو گەورە دەسەلێتدارانە لەدوای(گۆماتا) کۆژاونتەوە. ئەمە کۆسپێکی تر بووە لەبەردەمیاندا بۆ یەک نەگرتنەوەیان. نمونەی ئەو جۆرە بەرچاو دەکەوێت بەڵام لەناوەڕۆکدا بۆ دەستخستنی دەسەلێت بووە بەناوی ئایینەوە.

3- خاڵێکی تر کە باسکردنی گرنگە ئەوەیە موغەکان کە هەڵگری بیروباوەڕی میترایی بوون بەلای ناوچەکەوە ئایینی باوکو باپیریان بووە کەگۆڕینی بەلایانەوە کارێکی هێجگار دژوار بووەو لایان ستەمێک بووە کەجێگای ڕازیبوون نەبووە. چونکە جەماوەری بووەو لەگەڵیدا ژیاون. بەڵام ئایینی زەردەشتی کەسەرەتای بووە لەسەردەمی داریۆش دا بەلاوازی لای خەڵکی وەرگیراوە چونکە لەو ئایینانە بووە کەپاشا بەسەر ڕەعیەتەکەیدا بەزۆر سەپاندوویەتی. بۆیە بوونی ململانێ لەنێوان ئایینی کۆن کە تۆخمەکەی لەسروشتەوە وەرگیراوە جیاواز بووە لەوەی زەردەشت کە لەناو هاخامەنشییەکاندا بلاوبۆتەوە. نابێت ئەوەش لەیادبکەین ئایینی کۆنی مادەکان کە خۆر پەرستی بووە باوەڕیشیان بەتوخمەکانی تری سروشت بووە کەلایان پیرۆزبوون. بەپێچەوانەوە زەردەشت بیناى ئایینەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە کەووە کەدووبارەبووەو تەعدیلکراوی ناو ئایینە کۆنەکەیەوتێیدا ئاهورامزدا خوای تاک و تەنیاو ڕوناکی و دادوەری و یەکسانی بووە. ئەهریمەنیش خوای شەڕو تاریکی و دژ بەشارستانیەت بووە و دواجار ئاهۆرامزدای خوای چاکە بەسەر ئەهریمەنی شەڕدا سەردەکەوێت و خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا هەرئەوندە دەڵێم: نەبوونی یەکێتی لەناو مادەکانداو مللانێتی سیاسیانو سستخۆیگەورە زانینیان بەرامبەر یەکتری بەتایبەتی لە ناو گەورە نەجیبزادەکانییاندا، هەروەها خۆفرۆشتنی بەشێک لەو ماددە دەست ڕۆشتووانە کە بەرژەوەندی خۆیان لەناو ڕژێمی نوێدا دیوەتەوە کەهەردوو شۆڕشەکەی دوایی هەر بەدەستی ئەو گەورە دەسەلێتدارانە لەدوای(گۆماتا) کۆژاونتەوە. ئەمە کۆسپێکی تر بووە لەبەردەمیاندا بۆ یەک نەگرتنەوەیان. نمونەی ئەو جۆرە بەرچاو دەکەوێت بەڵام لەناوەڕۆکدا بۆ دەستخستنی دەسەلێت بووە بەناوی ئایینەوە.

3- خاڵێکی تر کە باسکردنی گرنگە ئەوەیە موغەکان کە هەڵگری بیروباوەڕی میترایی بوون بەلای ناوچەکەوە ئایینی باوکو باپیریان بووە کەگۆڕینی بەلایانەوە کارێکی هێجگار دژوار بووەو لایان ستەمێک بووە کەجێگای ڕازیبوون نەبووە. چونکە جەماوەری بووەو لەگەڵیدا ژیاون. بەڵام ئایینی زەردەشتی کەسەرەتای بووە لەسەردەمی داریۆش دا بەلاوازی لای خەڵکی وەرگیراوە چونکە لەو ئایینانە بووە کەپاشا بەسەر ڕەعیەتەکەیدا بەزۆر سەپاندوویەتی. بۆیە بوونی ململانێ لەنێوان ئایینی کۆن کە تۆخمەکەی لەسروشتەوە وەرگیراوە جیاواز بووە لەوەی زەردەشت کە لەناو هاخامەنشییەکاندا بلاوبۆتەوە. نابێت ئەوەش لەیادبکەین ئایینی کۆنی مادەکان کە خۆر پەرستی بووە باوەڕیشیان بەتوخمەکانی تری سروشت بووە کەلایان پیرۆزبوون. بەپێچەوانەوە زەردەشت بیناى ئایینەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە کەووە کەدووبارەبووەو تەعدیلکراوی ناو ئایینە کۆنەکەیەوتێیدا ئاهورامزدا خوای تاک و تەنیاو ڕوناکی و دادوەری و یەکسانی بووە. ئەهریمەنیش خوای شەڕو تاریکی و دژ بەشارستانیەت بووە و دواجار ئاهۆرامزدای خوای چاکە بەسەر ئەهریمەنی شەڕدا سەردەکەوێت و خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا هەرئەوندە دەڵێم: نەبوونی یەکێتی لەناو مادەکانداو مللانێتی سیاسیانو سستخۆیگەورە زانینیان بەرامبەر یەکتری بەتایبەتی لە ناو گەورە نەجیبزادەکانییاندا، هەروەها خۆفرۆشتنی بەشێک لەو ماددە دەست ڕۆشتووانە کە بەرژەوەندی خۆیان لەناو ڕژێمی نوێدا دیوەتەوە کەهەردوو شۆڕشەکەی دوایی هەر بەدەستی ئەو گەورە دەسەلێتدارانە لەدوای(گۆماتا) کۆژاونتەوە. ئەمە کۆسپێکی تر بووە لەبەردەمیاندا بۆ یەک نەگرتنەوەیان. نمونەی ئەو جۆرە بەرچاو دەکەوێت بەڵام لەناوەڕۆکدا بۆ دەستخستنی دەسەلێت بووە بەناوی ئایینەوە.

3- خاڵێکی تر کە باسکردنی گرنگە ئەوەیە موغەکان کە هەڵگری بیروباوەڕی میترایی بوون بەلای ناوچەکەوە ئایینی باوکو باپیریان بووە کەگۆڕینی بەلایانەوە کارێکی هێجگار دژوار بووەو لایان ستەمێک بووە کەجێگای ڕازیبوون نەبووە. چونکە جەماوەری بووەو لەگەڵیدا ژیاون. بەڵام ئایینی زەردەشتی کەسەرەتای بووە لەسەردەمی داریۆش دا بەلاوازی لای خەڵکی وەرگیراوە چونکە لەو ئایینانە بووە کەپاشا بەسەر ڕەعیەتەکەیدا بەزۆر سەپاندوویەتی. بۆیە بوونی ململانێ لەنێوان ئایینی کۆن کە تۆخمەکەی لەسروشتەوە وەرگیراوە جیاواز بووە لەوەی زەردەشت کە لەناو هاخامەنشییەکاندا بلاوبۆتەوە. نابێت ئەوەش لەیادبکەین ئایینی کۆنی مادەکان کە خۆر پەرستی بووە باوەڕیشیان بەتوخمەکانی تری سروشت بووە کەلایان پیرۆزبوون. بەپێچەوانەوە زەردەشت بیناى ئایینەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە کەووە کەدووبارەبووەو تەعدیلکراوی ناو ئایینە کۆنەکەیەوتێیدا ئاهورامزدا خوای تاک و تەنیاو ڕوناکی و دادوەری و یەکسانی بووە. ئەهریمەنیش خوای شەڕو تاریکی و دژ بەشارستانیەت بووە و دواجار ئاهۆرامزدای خوای چاکە بەسەر ئەهریمەنی شەڕدا سەردەکەوێت و خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

1- رالف نورمان شارپ فرمانهای شاهنشاهان هخامنشی/چاپ سوم زمستان /1388ص38،39
2- طباقر/مقدمه فی تاریخ الحضارات القدیمه/تاریخ حضاره واد الرافدین/ الجزء الاول/الطبعه الثانیه / 1986 بغداد/ص376،380.
3- د. ئەحمەد محمود ئەلخەلیل/ مملەکەتی ماد/ وەرگێڕانی حەمە سەعید کەلاری / چاپی یەکەم /2013لا 172،173.
6- هاشم رجبی/ایین مغان /پژوهشی دربار دین های ایرانی/ چاپ اول /1382 ص129.
7- دیاکۆنۆف/میدیا بورهان قانع لەفارسیەوە کردویەتی بە کوردی /چاپی سێیەم / 2008 وەزارەی ڕۆشنبیری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپکردن و بڵاوکردنەوە /لا519

*** هەرزەدۆت کە بەباوکی مێژوو ناسراوە،کوڕی لێگەرسە لە نەجیبزادەکانی هالیکار ناسێبە. لەنێوان ساڵەکانی 478-484ی پ.ز لە(هالیکارناسۆس) لە(کاریای) باشووری خۆرئاوای ئاسیای بچکۆلە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.**
نووسینەکانی چاخی کۆن کە زانیاریەکانی هی هێرزەدۆتەو بەدەستمان گەیشتوون بۆ(سۆیداس ئیتا)ی بێزەنتی دەگەڕێتەوە. ئەوانە لەگەڵ نووسینەکەی(ئۆزب)و هەندێکیتردا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گرنگی زۆریان هەیە. ناوبانگی هێرزەدۆت لە ساڵەکانی -468 460ی پ.ز. دەستی پێکرد. لەوانەیە ئەوەش بەهۆی کەسایەتییەکەیەوە بێت کە ئازادی خوازبووە لە ساڵەکانی 467-468ی پ.ز بۆ زیاتر زانیاری بروانە: کۆمەڵێک نووسەر/ چەند لاپەڕەیەکی مێژوی دێرینی گەلانی کوردستان و پاشماوەی شۆێنەوارەکانیان/ وەرگێڕانی کەمال نوری مەعروف لا 15.

ئەشکەوتی عەلی سەدر لە هەمەدان... جیهانێکی سەیری پر لە بێدەنگی!

عەبدولرەحمان پاشا

زۆرن ئەو شوێنە مێژوویانەی کە حەزم دەگرد لە ئێێران، بیانبینم، لەو کاتەی کە لەوی (پەنا بەر) بووم. هەر لە سەرەتای نووەتەکانی سەدەی رابردوو. شاری (هەمەدان)یش بە شوێنە مێژوێەکانییەو، یەکیک بوو لە ناو (لیستی) گەران و سوورانم ,بەڵام شاری هەمەدان زۆر دوور بوو لە کەرەجەوە کە لێی دەژیام وکوردەکانی خۆشمان لە هەمەدان، زۆر کەم بوون لە چاو (بوونیان) لە شارەکانی تری ئێران. بەڵام... دەرفەتێکی مێژوویم بۆ هەڵکەوت بۆ بینینی (پایتەختی میدییەیکان)، ئەو شارەی چەندەها سال مەراقم بوو ببینم.

زۆر شوێنی پێویست هەیە بۆ دیتن ، لە شاری هەمەدان، گۆڕی شاعیری گەورەی کورد (بابا تاهیری هەمەدانی) قەبریی (ئیبن سینا) ، دیوار بەندی (گەنج نامە) و (شیرە بەردینەکە) کە تەنها شوێنەواری میدییەکانە ، بۆمان ماوەتەوە!

لە مانش (خۆشتر) دیتنی ئەشکەوتی (عەلی سەدرە) گە بە دیاردەیێکی سەبری جیخان دەژمێردرێت هەر وەکو ئەشکەوتی مۆلیس لە فەرەنسا و ئەشکەوتی شەوالی لە ئوستورالیا، هەر وەک و سەرچاوەکان باس دەکەن.

لە ڕێگا بەرەو ئەشکەوت

ئەشکەوتی عەلی سەدر دەکەوێتە نزیک گوندێکی نەناسراو بە هەمان ناوەوە 70کم لە باکوری ڕۆژئاوای شاری هەمەدان، ئەوەی کە لە پایتەختی ئێران، 325کم دوورە، ڕێگاکەشی بۆ ئەشکەوت بە ناوچەیەکی نیمچە بیاباناویدا دەچێت، هەندێک بەرزایی بچوکی تێدایە ، لەوانەش ئەو شاخە بچووکەی لەسەر سنگی زەویەکە هەڵکەوتتووە وەک و پشتی حوشتر، پاش سوورانەوە بە دەوری ئەم پشتە گەورە زۆر مەراق بووین بۆ ئەوەی بگەینە دەرگای ئەشکەوتەکەو ئۆتۆمبێلەکەمان بە پێش دەرگایەکی زلی ئەشکەوتەکە ڕاگرت، بەبن پشتی شاخەکەدا بۆ ماوەیەک دەڕوات.

چەند قادرمەیەک شۆر بووینەوە بۆ خوارەوە. دەبا هەندێک چاوەڕوان باین تا کەشتەوانەکان دەگەڕێنەوە بەلەمەکانیان، ئەوانەی هەندێک لە گەشتیارەکانیان بۆ ناو ئەشکەوتەکە ئەفسانایەکە برد، ئەو ئەشکەوتەی ترس و لەرز بەناو دڵی گەشتیارەکتنداا بڵاو دەکاتەوە.

مێژووی دۆزینەوەی ئەشکەوتەکە:

دەڵێن کە ژمارەیەکی پێکهاتوو لە 14کەس لە (عاشقەکانی سەرکەوتن بەسەر شاخ) ئەم ئەشکەوتەیان بینیوە بەر لە 50 یساڵ کاتێک کە یەکێک لەم 14کەسانە دەرزێکی بەناو شاخەکەدا بینی و پاش هەوڵدانێکی زۆر بۆ گەورەکردنی دەرزەکانی ئەم ئەشکەوتە سەیرە.

پاش ماوەیەک ئەم 14کەسە بە دەرگایەکی گەورەی پاش دەرزەکە گەیشتن کە کەس نازانی دەگاتە کوێ.

پاشان هەندێک لە خەڵکی گەندەکە توانیان بچنە ناو ئەشکەوتە پر ئاوەکە بە ڕێگایەکی زۆر سەختەوە بەهۆی یەختێکی بچووکەوە و ڕۆناکی مۆم و فانۆس لە ساڵی 1976 بچنە ژوورەوە. پاشان ئەشکەوتی عەلی سەدر بوو بە گرنگترین ئەشکەوت لە ئێران.

زانیانی سروشت مێژووی دروستبوونی ئەم ئەشکەوتە بۆ ملیۆنەها ساڵ پابەند بە شێوەی کەورەکان و کلسە شۆربووەکان لە دیوارەکانی ئەشکەوت، ئەوانەی کە لە هەندێک شوێن زیاتر لە 40مەتر بڵندن، کەچی لە هەندێک شوێ لە 8مەتر پتر بلند نابن .

شێوەی دروستبوونی ئەشکەوتەکە

ئەشکەوتی عەلی سەدر لە ژمارەیەکی بێ هەژماری دەریاچەی گەورە کە لە هەندێک شوێن دەگەنە یەک و تێک گیر دەبن، کەچی ژمارەیەکی گەلێک زۆر لە ئەشکەوت و ڕێوبانی ئاوی و ژێرزەمین و هۆڵی تێکولێک، کەچی ئەشکەوتەکە پرە لە شێوەو شکلی غەریب و (الاستالا کتیت) و (الاستالاجمیت) ی سەیر ، ئەوانەی کە لە (بەلوورات)و (کابۆناتی کالسیوم) دروست بووە و شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤ و شتی سەیر دروست بووە.

بڵندی ئەشکەوتەکە نزیکەی 1900مەترە لەسەر ئاستی دەریا و ئاوەکەی ئەشکەوتەکەش بێ ڕەنگ و بێ بۆن و بێ تامە، و دەڵێن گوایە ئاوەکە کانزاییە، گەرمابیەکەی جێگیرە و لە دەروبەری 12پلەیە و دەتوانین قوڵی ئاوەکە تا 10مەتر ببینین. بێ دەنگی ئەشکەوتەکە داوەپۆشێ و تا ئەڕادەییەی کە ئاگرەکەی مۆمەکە لە ناو ئەشکەوتوکەدا ناجولێتەوە.

بلندی ئاوەکەش نێوان 2ماتر و 16مەتر لە هەندێک شوێنان تەسک ترین شوێن لە ناو ئەشکەوتەکەدا لە 6مەتر پتر نییە و بەرینی بە گشتی لە دەورو بەری 30مەتریە و لە هەندەک شوێن دەگاتە 100مەتر.

دریژی دیتراوەکەی ئەشکەوت تا ئێستا 14کیلۆ مەترە ,دەکرێ بگەینە 11کیلۆ مەتری تەواو لەو 14کیلۆ مەترە ,هەندێک کونو قوشبن و ڕێگاو بانی نەدیتراوە لە ناو ئەشکەوتەکەدا هەیە و ناهێڵن کەشتەوانەکان پتر بەناو ئەو ئەشکەوتە گەورەیەدا شۆڕبن.

چۆن بە شوێنی نادیاردا

بەلەمە بچوکەکانی ناو ئەشکەوت پاش چاوەڕوانیەکی دوور دڕێژ من و هاوڕێم بە ترس و بەلەرزەوە سواری بەلەمەکە بوین و کەشتی کۆمەلی هەر پێنج بەلەمەکان دەستی پێکرد. بەلەمەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە دوای بەلەمێکی تر دا دەڕۆیشتن.

(کۆڵانە تەسکەکانی ئەشکەوت بە شێوەیەکی زۆر چاک ڕوناک کراون ,دەکرێ هەموو ورده والەکانی ژوورەوە بەبینین بەتایبەت ئەوشتانەی کە لە بنەبانی ئەشکەوتەکە نزیکەی 1900مەترە لەسەر ئاستی دەریا و ئاوەکەی ئەشکەوتەکەش بێ ڕەنگ و بێ بۆن و بێ تامە، و دەڵێن گوایە ئاوەکە کانزاییە، گەرمابیەکەی جێگیرە و لە دەورووبەری 12پلەیە و دەتوانین قوڵی ئاوەکە تا 10مەتر ببینین. بێ دەنگی ئەشکەوتەکە داوەپۆشێ و تا ئەڕادەییەی کە ئاگرەکەی مۆمەکە لە ناو ئەشکەوتوکەدا ناجولێتەوە.

بلندی ئاوەکەش نێوان 2ماتر و 16مەتر لە هەندێک شوێنان تەسک ترین شوێن لە ناو ئەشکەوتەکەدا لە 6مەتر پتر نییە و بەرینی بە گشتی لە دەورو بەری 30مەتریە و لە هەندەک شوێن دەگاتە 100مەتر.

دریژی دیتراوەکەی ئەشکەوت تا ئێستا 14کیلۆ مەترە ,دەکرێ بگەینە 11کیلۆ مەتری تەواو لەو 14کیلۆ مەترە ,هەندێک کونو قوشبن و ڕێگاو بانی نەدیتراوە لە ناو ئەشکەوتەکەدا هەیە و ناهێڵن کەشتەوانەکان پتر بەناو ئەو ئەشکەوتە گەورەیەدا شۆڕبن.

چۆن بە شوێنی نادیاردا

بەلەمە بچوکەکانی ناو ئەشکەوت پاش چاوەڕوانیەکی دوور دڕێژ من و هاوڕێم بە ترس و بەلەرزەوە سواری بەلەمەکە بوین و کەشتی کۆمەلی هەر پێنج بەلەمەکان دەستی پێکرد. بەلەمەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە دوای بەلەمێکی تر دا دەڕۆیشتن.

(کۆڵانە تەسکەکانی ئەشکەوت بە شێوەیەکی زۆر چاک ڕوناک کراون ,دەکرێ هەموو ورده والەکانی ژوورەوە بەبینین بەتایبەت ئەوشتانەی کە لە بنەبانی ئەشکەوتەکەدا قیت بۆتەوە.

بۆ ئەوەی گەشتەکەت تەواو بکەیت، دەبێ بەسەر ئەم شاخە بڵندەدا بکەویت پاش سوبرایزێکی تر.

واش دیارە کە ئەو لایەنانەی سەرپەرشتی گەشتیاری دەکەن لە ئێران مەسەلەی بەسەر کەوتنی شاخەکەیان ئاسان کردووە بە ڕێگای قادرمەی ئاسنی بڵند بۆ سەرکەتن بەسەر شاخەکە پاش گەیشتن بە لووتکە دەتوانی ئەو نادیارەی چاوەڕوانەی نادیار بوو، بە چاوی خۆت ببینی، دەریاچەیەکی تر و چەند بەلەمێکی تر لی چاوەروانی دان بۆ تەواو کردنی گەشتەکە، و پاش بڕینی دوورێکی کورت بە نێو زەویە وشکەکەدا، جارێکی تر سواری بەلەمەکان دەبیت و قۆناغێکی تر بە ناو جەرگەی ئەشکەوتی (عەلی صەدر)دا دەچیت.

بەلەمە بچوکەکان بە ناو ڕێگا و بانەکاندا دەچن جوداند لەگەڵ ئەوانەی پێیدا هاتیت بەر لەوەی بەسەر شاخەکەدا بکەویت.

هەموو شتێکی دەرەوەی ئەشکەوت لە بیرت نامێنێ کاتێک کە سەیری ئەو شتانەی کە ملیۆنەها ساڵ لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا دروست بووینە.

سەرەڕای ئەو ترس و لەرزەی کە ڕوحی تۆی داگیر کردووە، حەز دەکەیت ئەم گەشتە تەواو نەبێت، بەڵام هەموو سەرەتایەک کۆتایی هەیە، ئەو کەشتەی کە دوو کاتژمێری ڕەبەقی خایاند، لە ژێر کون و قوژبنەکانی زەوی دەبێ تەواو بێت.

عێراق.. دەرفەتێک بۆ خۆ کۆکردنەوەی دەوڵەت



مستەفا فەحس

پرۆسەی سیاسی لە عێراق، بە وەرچەرخانێک رەت دەبێت، کە لەسەر ئاستی نیشتمانی مەترسیدارترینە، چونکە رەوایی و سەروەرییەکەی دەخاتە پارسەنگەوە و، دەروازەی مشتومڕێکی فراوانیش لەبارەی چارەنووسی رژێمی2003 دەخاتە سەرپەشت. گۆڕەپانی عێراق، گەشەکردنی سیاسی و سەربازی پەلە و بە پەلەپەل بەخۆوە دەبینێت، کە لەوانەیە عێراق بەرەو قۆناغێکی درێژی پشێوی ببات و، ببێتە هۆکاری لەناوچوونی پاشماوەی دەوڵەت و داموودەزگاکانی. لە قەیرانی (حەشدی شەعبی) و فرۆکەی (بێ فرۆکەوان)ی نە ناسراودا، تاکو تەواوبوونی لێکۆڵینەوە فەرمییەکان، چیتر ناتوانرێت، ئەستەمی پێکەوەژیان لەنێوان لۆجیکی دەوڵەت و گرووپە چەکدارەکانی بێ دەوڵەت بشاردرێتەوە.

حکوومەتە لاوازەکەی عێراق، پەرۆشی خۆی بۆ بێلایەنی بڕیارەکانی، ڕێزگرتنی لە بەرژەوەندی نیشتمانی و دیاریکردنی بژاردە ستراتیژییەکانی، ئەوانەی پەیوەستن بە شوێنی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی عێراقەوە دەرخست. عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکەی ئەم دواییە، بە پرەنسیپی سەروەری دەوڵەت لە بڕیارەکانی و دوور لە گوشاری دەرەکییەوە موکڕە، هەرچەندە خۆی باش دەزانێت، گوشار نانەوە بۆ جیاکردنەوەی ئەو گرووپانەو لایەنەکانی دراوسێی عێراق، بێگومان دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکەی. بۆیە، پێویستی نیشتمانی لەو قەیرانەدا، پێویست بە لەبەرچاوگرتنی مەرجەکانی جوگرافی و دیموگرافی عێراق دەکات، کە بەئاگایی بەردەوام بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەسەپێنێت، بەڵام نەوەکو لەسەر بەرژەوەندییەکانی نیشتمانییەوە، کەچی عەبدولمەهدی، کە بەیەکێ لە دیارترین سیماکانی ڕۆشنبیری لە چینی سیاسی عێراق دادەنرێت، باش دەزانێت، هێزی ئەمەریکا و هەژمونە سەربازی و ئابووریەکەی، وای لێدەکەن، لە ڕووی جوگرافییەوە، بێتە دراوسێی هەموو وڵاتانی جیهان. بۆیە، حکومەتی عێراق ناچارە، مامەڵە لەگەڵ چەندین ژینواری جوگرافی هەمەجۆردا بکات، یەکێکی نزیک، کە گرێی هەژموونی میژوویی هەیە، یەکێکی درووێش، ئەوەندە بااڵ و ئامرازەی هەیە، کە وا بکات، لە جومگە و بڕیارەکانی دەوڵەت ئامادە بێت، بۆیە پەنا بۆ سیاسەتی لەخۆگرتن دەبات، بۆ خۆ بەدوور گرتن لە ئەگەری بەگژداچوونی سیاسی و هەتا سەربازیش، ئەگەر هەندێ لایەنی (حەشد) لەسەر هەڵوێستی خۆیان، بە تۆمەتبارکردنی واشنتۆن و تەل ئەبیب سووربن، بەوەی ئەوان لە پشتەوەی بۆمبابارانکردنی بنکەکانی حەشد، کۆگا و تیرۆکردنی سەرکردەکانییەوەن، لەگەڵ بانگەوازکردن بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەو سیفەتەی ئامانجی دوژمنان، هەر ئەوەش مشتومڕێکی فراوانی لەنێو بژاردەی سیاسی و دروستکەرانی ڕای گشتی لە عێراق نایەوە، ئەوانەی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی، لێنگەڕێن عێراق ببێتە گۆڕەپانێک بۆ پاککردنەوەی حساباتەکانی هەرێمایەتی، ڕاگەیاندراوی سێ سەرۆکایەتیەکەش (کۆماری- پەرلەمان-حکوومەت)یش، پشتیوانی لەو هەڵوێستە کرد، زێدەباری تویتێکی سەرکردەیەکی ڕەوتی سەدر، کە تێیدا ڕەتی دەکاتەوە، عێراق بێتەپاشکۆی سیاسەتی لایەنەکان و گۆڕینی عێراق بۆ گۆڕەپانی جەنگ. مالپەڕی (جنوبیە)ی لوبنانی، کە تایبەتە بە کاروباری شیعەکان، ئەو وتووێژانەی ئاشکرا کرد، کە نووسینگەی عەبولەهدی و ڕاوێژکارەکەی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە تەهران ئەنجامیان داوە، کە تێیدا بە بەرپرسانی ئێرانیان ڕاگەیاندووە، هەر هەرەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، زیانێکی گەورە لە پرۆسەی سیاسی و کاری حکوومەت دەدات، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بێ دەنگ نابێت، نەخاسمە لە عێراقدا، گوشارێکی میللی گەورەی هەیە، کە هەڵوێستەکانی (حەشد) ڕەت دەکاتەوە، چونکە هەرەشە لە پاشماوەی سەقامگیری عێراق دەکات. عەبدولمەهدی موکڕە لەسەر ئەوەی، چەک تەنیا لەدەستی دەوڵەت بهێڵێتەوە، کاری حەشدی شەعبیش، تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نێو عێراقدا بێت، لە ململانێی بیروباوەڕی دەرەوەی سنوور نەگلێت و عێراقیش نەخاتە نێو سیاسەتی لایەنەکانەوە، عێراق ئێستا لە جەنگەکەیدا بەخاڵ براوەیە و سوود لە ناکۆکییەکانی نێو حەشد وەردەگرێت، کە دەرکەوت یەکگرتوو نییە و بووەتە دوو حەشد، دوای ئەو ململانێیەی لەنێوان دوو سەرۆکە براگماتییەکەی، فالح فەییاز و جێگری سەرۆکی ناسراو بە ئەبو مەهدی موهەندیس، کەسایەتی شیعەپەڕەوی تۆندڕەو ئاشکرا بوو. لەمبارەیەوە دکتۆر هیشام داوود، تۆیژەری ئەنستیتۆی سیاسی، لەبارەی کاردانەوەی نەرێنی دابەشبوونی حەشدی شەعبی دەڵێت:"هۆشیارییەکی تازە هەیە دەڵێت، حەشدی شەعبی، لەوانەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، ئامرازێکی گرنگ بێت، بەاڵم ئەوجارە لە ژێر چاودێری تۆندی دەوڵەتەوە، بێجگە لەوە، لەوانەیە حەشد ببێتە مەترسی، نەوەکو تەنیا بۆ سەرخۆی (بەهۆی دابەشبوون و زۆربوونی خۆیەندییەکانی)، بەڵکو بەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەش، ئەگەر هەر لە دەرەوەی ڕەوایەتی دەوڵەت یان بە هاوتەریبی هێنێتەوە. بۆیە، تەهران، هەرچەندە باڵی هەرێمایەتی کێشاوە، لە گێڕانەوەی ئابڵوقەدانی ژینگەی شیعەی عێراق، ڕووبەڕووی دەستەپاچەییەکی کردەیی دەبێتەوە، لە ئاکامی ڕەتکردنەوەی بۆ خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەاڵیەتی لە عێراقدا، بە تایبەتی شیعییەکان، کە دووبارە پێناسەی بۆ ناسنامەی نیشتمانی خۆی کردەوە و پێشنۆرە و خۆبەندی خۆیشی، دوور لە هەستەوەری مەزهەبی ڕێکخستەوە، کە چەندین ساڵ بوو تەهران، وەکو ئامرازێکی ئاخنینی عێراقییەکان لە پرۆژەکانی دەرەوەی بەکاری دەهێنا، خراپی مامەڵەکردنی ئێران لەگەڵ عێراق، بووە هۆی دروست بوونی ڕایەکی گشتی عێراقی، کە ئەو هەژموونە ڕەت دەکاتەوە، لەگەڵ وروژاندنی شەقام، کە کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە، چونکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی، یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی نوێنەرایەتی دەکەن، یان سەر بە ئەون، هیچ دوو دڵ نییە.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.aawsat.com

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1864:
ڕێککەوتنامەی سێپێتەمبەر لە نێوان حکوومەتی ئیتاڵی و ناپلیۆنی سێیەم مۆر کرا .



ساڵی 1916:
لە میانی جەنگی یەکەمی جیهاندا ، بەریتانیا بۆ یەکەم جار تانکی بەکار هێنا .



ساڵی 1935:
ئادۆلف هیتلەر بڕیارە ڕەگەزپەرستیەکانی نۆرمبیرگی ڕاگەیاند و تیایدا مافی هاوڵاتیبوونی لە جولەکە قەدەغە کرد .



ساڵی 1952:
نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی بوو بە یەکگرتنی ئەسیوپیا و ئەریتیریا .



ساڵی 2015:
دادگای تاوانی کۆپێت بەتۆمەتی تەقاندنەوەی مزگەوتی ئیمام سادق سزای لەسێدارەدانی بەسەر 7کەسدا سەپاند .



ساڵی 2017:
لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا تەقینەوەیەک ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی 22کەس .

وێنەو کۆمێنت



ئەڵمانیا یۆد دەکڕێ !

وەک هەنگاوێکی خۆپارێزی بەرامبەر بە ئەگەری ڕوودانی تەقینەوەی ئەتۆمی ، نووسینگەی خۆپاراستن لە تیشکی ئەتۆمی سەر بە حکوومەتی ئەڵمانیا داوای کڕینی 189.5 ملیۆن حەبی یۆدی کردووە ، نووسینگەی ناوبراو داواشی کردووە لە هاتنەپێشەوەی حالەتی نەخوازراوی وەک تەقینەوەی ئەتۆمی و بڵاوبوونەوەی تیشکەکانی ، ئەم دەرمانە بە بڵاوی و بە یەکسانی دابەش بکرێ . بە گوێرەی میدیای فەرمی ئەم وڵاتەش ، ئەو بڕە یۆدەی داوا کراوە چوار ئەوەندەی ئەو بڕەیە کە هەڵگیراوە .



جەنگ لە پێناو بڕێکزت



سایپر حوسێن

وەک وەبیرهێنانەوە، بڕێکزت واتە(چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا) ئەم پرسە نەک بەتەنها بۆ هاوڵاتیانی ئینگلیز بەڵکو بۆ هەموو جیهان بایەخی زۆر و گرنگیەکی تایبەتی پێدەدرێت، چونکە دەبێتە بنەمای گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و جوگرافی و کولتووری جیهان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی. ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێدا، بۆریس جۆنسۆن سەرۆک وەزیرانی نوێ بەریتانیا لەبەرامبەر تەحەدایەکی گەورەدایە، رووبەرووی ململانێ توند دەبێتەوە.

مەزەندەش دەکرێ بۆریس جۆنسۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا نەتوانێ بەسەر دەنگە ناڕازیەکانی پەرلەماندا باز بدات بەمەبەستی دەرهێنانی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا. تاکە رێگەی بەردەمیشی راگەیاندنی هەڵبژاردنی پێش وەختەیە، چونکە سەرکردەکانی ئەورووپا لەلایەن خۆیانەوە وەک پێشتریش رایانگەیاندبوو، کە پرۆژەکەی مەرجی مانەوەی بەریتانیا ڕەتدەکەنەوە و ئەمە بە تەنازولکردن دەزانن، کە بچنە ژێربارى مەرجە قورسەکانی بەریتانیا بۆ مانەوە لە یەکێتی ئەورووپادا. سەرباری ئەوەی کە زیانی زۆر بە ئەورووپا دەگەێنێ.بۆیە تاکە رێگە لەبەردەم سەرۆک وەزیرانی نوێ بەریتانیا بردنەوەیە لەو هەڵبژاردنە، ئەگەر نا ئەویش بەچارەنووسی ترێزا مەی دەگات. ئاژانسی رۆیتەرزیش، هەمان هەڵوێستی دووپات کردەوە، لەم بارەوە جەنکەر کلاود سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا دووپاتیکردەوە، کەوا یەکێتی ئەورووپا جارێکی دیکە گفتوگۆ لەبارەی پرسی جیابوونەوەی بەریتانیا ناکاتەوە و تەنها ئەو رێکەوتنە پەسەند دەکات کە لەگەڵ تێریزامەی واژۆی کردوە. ئایا حکوومەتەکەی جۆنسۆن دەڕوخێ ؟ ئەوەی جێگەی نیگەرانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا جۆنسۆنە ئەو حەقیقەتەیە کە ناوبراو لە پەرلەمانی وڵاتەکەی سەبارەت بە بریکزێت ڕووبەڕووی رکابەری گەورە دەبێتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە بۆریس جۆنسۆن چووە لای شاژنی بەریتانیا تاوەکو کۆتایی بە جەولەی پەرلەمانی بهێنێ، شاژنیش ڕەزامەندی لەسەر داواکەی جۆنسۆن دەڕبڕیوە. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەوا گەڕی نوێ پەرلەمانی رێگەی بۆ هەموار دەکات تاوەکو دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بە ئاسانی تێپەڕێ و چاکسازیش لە سیستەمی تەندورستی بریتانی بکرێ. بەو مانایەش بێت چەند رۆژی داهاتوو بازاڕی سیاسی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گەرم دەبێت و تەحەدیاتەکان دەست پێ دەکاتەوە، چونکە ئەگەر بە گوێرەی پلانەکەی جۆنسۆن بەرێوە نەچێ، ڕەنگە نوشستی سیاسی دووچاری بێتەوە. شایەنی وەبیرهێنانەوەیە هاوڵاتیانی بەریتانیا لەبەر فاکتەرگەلێک وڵاتەکەیان هاویشتە ئەم قەیرانەوە، ڕەنگە گرنگترین ئەو فاکتەرانەش لەم خاڵانە کۆکرابێتەوە: وەستاندنی لێشاوی کۆچکردن لە کیشوەرەکانی دیکەی یەکێتی ئەورووپا بەرەو بەریتانیا، کە زۆرترین ڕەغبەتی هاوڵاتیانی لەسەربوو، هەروەها وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی گشتی بەگوێرەی یاسا و ڕێساکان،ڕاگرتنی پێدانی پارەی ئەندامێتی سالانە بە یەکێتی ئەورووپا ، کە بەڵای بەریتانیا ئەرکی دارایی گشتی قورس کردبوو، هەبوونی دەسەڵاتی ئارەزومەندانە لە ئەنجامدانی بازرگانی ئازاد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دونیا، کە لەمەیاندا یەکێتی ئەورووپا ڕێو شوێنی تایبەتی و سنووداری خۆی هەبوو. ئەمانە کۆمەڵێک خاڵن کە پارێزەرانی دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپا جەختی لەسەر دەکەنەوە . شایەنی ئاماژە بۆکردنە لەئێستادا بەریتانیا لەقەیرانێکی دەستووری وڵاتەکەی نزیکبووەتەوە بەوپێیەی سەرۆک وەزیرانی تازە هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە بەڵێنی دەرچوونی وڵاتەکەی بەبێ رێککەوتن داوە، ئەگەر یەکێتی ئەورووپا ئامادە نەبێت بۆ رێکەوتنێکی دیکە، بێگومان هەڵوێستی یەکێتی ئەورووپاش دیارە کە ئەویش سازش نەکردنە لەبەرامبەر ئەو بڕیارانەی لەگەڵ تێرێزا مەی لەسەری ڕێککەوتبوون .

سایپر حوسێن

وەک وەبیرهێنانەوە، بڕێکزت واتە(چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا) ئەم پرسە نەک بەتەنها بۆ هاوڵاتیانی ئینگلیز بەڵکو بۆ هەموو جیهان بایەخی زۆر و گرنگیەکی تایبەتی پێدەدرێت، چونکە دەبێتە بنەمای گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و جوگرافی و کولتووری جیهان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی. ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردنی نوێدا، بۆریس جۆنسۆن سەرۆک وەزیرانی نوێ بەریتانیا لەبەرامبەر تەحەدایەکی گەورەدایە، رووبەرووی ململانێ توند دەبێتەوە.

بەیانیت باش بەڕێز ماندێلا

یەکەم کەس کە پرۆتۆکۆڵی شاژنی بەریتانیای شکاند

ئا: هەندرێن شێرزاد

پابەندبوونی خانەوادەی پادشایەتی لە بەریتانیا بە پرۆتۆکۆڵ لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و فەرمی و کەسێتیەکاندا شتێکە و زۆر کەم وا هەیە گۆڕانی بچووکی بەسەر دابێ یان ڕێگە بە کەسێک بدرێ لێی لابدات یان پێشێلی بکات . دەتوانین بڵێین ئەمە بۆتە یاسایەک و هەموو ئەندامانی خانەوادە و تەنانەت ئەوانەش کە لەوێ کار دەکەن پابەندن پێی . بەڵام پێدەچێ تەنیا ڕێگە بە کەسێک درابێ ئەم یاسایانە بشکێنێ .

ئەو کەسە کێ بووە ؟

لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێسی بەریتانیدا ، ریچارد فیتز ویلیامزی شارەزا لە کاروباری خانەوادەی پادشایەتی ناسنامەی ئەو کەسە ئاشکرا دەکات کە توانیویەتی پرۆتۆکۆڵی ئەم خانەوادەیە بشکێنێ و دەڵێ : ئەو کەسە نیلسۆن ماندێلای سەرۆکی پێشووتری باشووری ئەفریقیا بوو . ماندێلا هەمیشە بە ناوی یەکەم (ئەلیزابێس) بانگی شاژنی دەکرد و ئەویش بەخۆشی وەڵامی دەدایەوە . تەنانەت سەردانە فەرمیەکەی شاژن بۆ باشووری ئەفریقیا لە سالی 1996ئەو کاتەی ماندێلا سەرۆکی ئەو وڵاتە بوو ، بە یەکێک لە بەرچاوترین ڕووداوەکان دادەنرێ .هەر لەو بارەوە نووسەرێک دەڵێ : ماندێلا هەمیشە نەریتەکانی خانەوادەی پادشایەتی بەریتانیای پێشێل دەکرد . ئەو نەوەک بە تەنیا بەناوی یەکەم بانگی شاژنی کردووە ، بەڵکو باسی کێشی لەگەڵ





سکای نیوز:

ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا هۆشداری دایە وڵاتانی ئەورووپا لەوەی ئەگەر یارمەتی دارایی پێشکەشی وڵاتەکەی نەکەن ، ئەوا دەرگا بۆ پەنابەران والا دەکات بۆ ئەوەی روو لە ئەورووپا بکەن .



رۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:

دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا گفتوگۆی وڵاتەکەی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان هەڵپەسارد، بزووتنەوەی ناوبراو رایگەیاند کە ئامادەیە بۆ دڕێژەدان بەو دانوستانانە .



ئیلاف:

ئەمەریکا رازی بوو بەوەی 32فڕۆکەی شەڕکەری جۆری ئێف 35بفرۆشێتە پۆلەندا .



ئەی ئێف پی:

بەتۆمەتی سیخوڕیکردن بەرپرسێکی گەورەی پۆلیسی فیدراڵی کەنەدی لەلایەن وڵاتەکەیەوە دەستگیر کرا .



ئەلعەرەبیە:

وەزیری کاروباری کەشتیوانی لە جەبەل تاریق رایگەیاند کە ئێران پابەند نەبوو بە بەڵێنەکانی سەبارەت بە کەشتی ئەدریان داریا .



کەنالی ئار تی :

حکوومەتی ئەڵمانیا دووپاتی کردەوە کە ئامادەیە پێشوازی لە چارەگێکی ئەو پەنابەرانە بکات کە دەگەنە ئیتاڵیا .

سەرۆکی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی:

پێشمەرگە لای بییانییەکان وەک قارەمانی جەنگ ناسراون

پێشمەرگە تەنها قوربانی نەداوە بۆ پاراستنی کوردستان و عێراق، بەڵکو قوربانی بۆ هەموو جیهان داوە





رزگار سەرۆکی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە

بەرهەم شێخ عیزەدین

دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، بارەگای سەرەکی لەلەندنی پایتەختی بریتانیایە، وەک(رزگار عەلی) سەرۆکی رێکخراوەکە دەڵێ: لە هەرێمی کوردستان دوانزە ئۆفیسمان هەیە کە خزمەت بە پێشمەرگە و کەسوکاریان دەکەن، هاوکات بەبەردەوامی پاڵپشتی لۆجستییان هەیە بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە. وەک رۆژنامەکەمان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سەرۆکی رێکخراوەکە رزگار عەلی کرد ئەویش بەم شێوەیە بەرسڤی دایەوە: سەرەتا دەربارەی سروشتی کارەکانی ئەو رێکخراوە چییەو چۆن هەمەهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن..... ؟

رزگار عەلی سەرۆکی رێکخراوەکە رایگەیاند کە دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی هەردوو مۆلەتی فەرمی لە کوردستان وبەریتانیا هەیە و تۆمار کراوە

سروشتی کارەکارەکانی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بریتییە لە پشتیوانی پێشمەرگە و کەس و کاری شەهیدان لە رووی تەندروستی وەرزشی پەروەدەیی لە ژێر ناوی پێشمەرگە کاری مرۆی ئەنجام دەدەین هۆکاری دروست بوونی ئەو دەزگایەیە، دلنیابووین، کە نە حکومەت نە وەزارەت نە رێکخراوی ناحکومی ناتوانن قەرزی پێشمەرگە بدەنەوە،بۆیە پێویستە دەزگایەک یان رێکخراوێک هەبێت لە دەرەوە ببێتە پاڵپشتێک بۆ ئەو دەزگاو رێکخراوانەی کە لە رابردوو هاوکاری پێشمەرگە بکەن بە هەر هۆکارێک ئێمە بتوانین رایکێشین بۆ ئەوەی هەماهەنگ و هاوکاری پشتیوانی زیاتر پێشمەرگە بێت.

هەروەها لە بەرسڤی ئەوەی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، چی بۆ پێشمەرگەی کوردستان و کەسوکاریان کردووە ....؟

سەرۆکی رێکخراوەکە دووپاتیکردەوە کەوا دەزگا نێو دەوڵەتی پێشمەرگە دەزگایەکی خۆبەخش و خۆنەویستە ئەرکێکی نیشتیمانی و ئەخلاقی پێشکەش دەکەین و پاراستنی کلتووری خۆبەخشی پێشمەرگە کە سەرۆکمان پێشمەرگەیەکی خۆبەش و خۆنەویستە ئێمە لەسەر ئەو رێبازە خزمەت دەکەین. لە رووی مادی و مانەویەوە هاوکارمان کردونە، بەپێی توانا هەندێک جار کەناڵەکانی راگەیاندن ئامادە بوونە، بەڵام رووی مادیمان بە پارێزراوی بەجێهێشتووە، هەروەها ئاسانکاری کردن بۆ وەرگرتنی ڤیزە بۆ چارەسەری ئەو پێشمەرگانەی کە چارەسەریان لە هەرێمدا نییە، مەبەستمانە ببینە قوتابخانەیەک بۆ پاراستنی خاک و نیشتیمان فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی گەنجان بۆ کاری خۆبەخشی پاراستنی کلتوری پێشمەرگە. هاوکات گرنگیمان داوە بە شداریکردن لە کۆنفراس و سیمینار کە لە دەرەوە ئەنجام دەدەرێت بەتایبەتی خولەکانی فێر بوونی زمان. جەختمان لەسەر دابەشکردنی کەلوپەل بۆ ئەوانەی کە کەم دەرامەتن ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەل دەزگاو رێکخراوەکان لە جیهان.

دەربارەی ئەوەی کە رێکخراوە بیانیەکان چۆن لە پێشمەرگەی کوردستان دەروانن؟ رزگار عەلی دەڵێ: پێشمەرگە لای بییانییەکان وەک قارەمانی جەنگ ناسراون، تەنانەت لە وڵاتی بریتانیا زۆر سەختە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە یان هەر هێزیکی دیکە مۆلەتی رێکخراوی پێ بدرێت،بەڵام قارەمانییەتی پێشمەرگە وای کردووە کە خۆی بکاتە دیفاکتۆ. نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ، کەوا پێشمەرگە تەنها قوربانی نەداوە بۆ پاراستنی کوردستان و عێراق، بەڵکو بۆ هەموو جیهان داوە، لەم ڕوانگەشەوەیە کە دەبێت جیهان پاداشتی بداتەوە.

ڕیهام دەرکەوتنی لە شاشە قەدەغە کرا



بەپێ هەواڵێکی گۆڤاری هونەری سەیدەتی، ریهام سەعید کچە پێشکەشکاری بەناوبانگی میسری کە بەردەوام لەسەر بەرنامەکانی لە دادگایی میسری سکالای لەسەر تۆمار دەکرێ، ئەمجارەیان بە فەرمانی نەقابەی رۆژنامەنوسانی میسری دەرکەوتن و پێشکەش کردنی بەرنامەکانی لە تی ڤی حەیات قەدەغە کرا. ئەگەر هاتوو ناوبراو پابەندی بریارەکە نەبێ، ئەوە دادگای بالای لێ ئاگادار دەکرێنەوە بەمەبەستی سزا دانی. شایەنی باسە لە دواین بەرنامەی ریهام سەعید کە تایبەت بوو بەوانەی کێشیان زۆرە، زۆرترین سوکایەتی بە قەلەوەکان کراو خەڵکێکی زۆریش لەو ڕووەوە سکالایان لە دژی ریهام تۆمار کرد.

گەڕیدەی ناسراوی کورد بەدل ڕەفۆ

سیحری جوانی چیاکانی شاری غراتسی وڵاتی نەمسا بەگەشتیاران دەناسێنێ


بەدل ڕەفۆ



گەڕیدەی ناسراوی کورد (بەدل ڕەفۆ) کە بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە و هەر جارەو بابەتێکی گەشتیاری تایبەت ڕەوانەی ڕۆژنامەی خەبات دەکات، ئەمجارەش (بەدل ڕەفۆ) کە یەکێکە لەو گەڕیدە کەم وێنانەی کە هەر وڵات وشارو گوندێکی سەردانی کردبێ، بەبێ تۆمارکردنی یاداشتنامەیەک لێ ناچێتە دەرەوە. ئەمجارەشیان (بەدل ڕەفۆ)، باس لە تەلیسمی شاخ و ستاتیکای شاخ دەکات، ئەو شاخانەی لە میانی سەردانی بۆ شاری غراتسی وڵاتی نەمسا سەرنجیان راکێشاوەو جوانی کردگار تووشی سەرسامیان کردووە، (بەدل ڕەفۆ) دەڵێت: ئەوەی جوانی و سیحری حەقیقی بەچاوی خۆی نەبینیوە، با بێت و سەردانی چیاکانی شاری غراتسی وڵاتی نەمسا بکات، لەو شارە چیای کۆشک و تاوەری کاتژمێر، کە هەردووکیان لە لوتکەی چیاکاندان ناوبانگی جیهانیان هەیەو سالانە هەزاران گەشتیار بەمەبەستی دیتنیان سەردانی وڵاتی نەمسا دەکەن. لە سەدەی دەیەمی زاینیشەوە ئەم چیایانە شوێنگەی ستراتیژی بوونە لەکاتی شەڕو ئاشتیدا، هەر لە سالی (1809)ئەم چیایانە وەک دیوارێکی پۆلاین بوون لەبەردەم لەشکرکێشی هێزەکانی ناپلیۆن و نەیانهێشت ئامانجی خۆی بپێکێ. هاوکات ئەم چیایانە دەیان چیرۆکی سەرنج راکێشیان هەیە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم. ئێستاش ئەم چیرۆکانە بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەمجارەیان لەگەل ڕۆشنبیری و کەلتوورو گەشتیاریدا. بەجۆرێک لەناو جەرگەی چیاکاندا چەندین هۆڵی ئاهەنگ و کۆبوونەوە بونیاد نراوە، کە بوونەتە مایەی سەرنج راکێشانی گەشتیاران. جگە لەمەش چیا هەیە سەدان داری هەناری تێدا رواوە، کە جوانیەکی دڵفێنی بە ناوچەکە بەخشیوە، سالانەش نوسەرێک بانگهێشت دەکرێ و بە فەرمی پێشوازی لێ دەکرێ و شەوێک لەناو چیاکان پشوو دەدات، کە دەیان چێشتخانەو تەلفریک و شتی دیکەی سەرنج راکێشی تێدایە.

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبیەوە: سابیر حوسێن

دەبێتە هۆی ئێش و ئازاری توندی قاچەکان



بە پێی ڕاپۆرتێکی مالپەری ئێندیا تودێی توێژەران ، بۆیان دەرکەتووە کە پەیوەندی لە نێوان جگەرەکێشان و نەخۆشی خوێنبەرەکان زۆر توند لە تووشبوون بەجەڵتەی میشک و دڵەوە هەیە. توێژەرانی زانکۆی جان هاپکینز لە ئەمەریکا بۆیان دەرکەتووە کە پەیوەندی زۆر لە نێوان گرژبوونەوەی خوێنبەرەکان پێی و ئێش و ئازارەوە هەیە ، کە ئەو مەترسییە دەتوانێت تا 30ساڵ دوای وازهێنان لە جگەرەکێشانیش بەردەوام بێت .لەو بارەیەوە ، " کانی هیرۆ ماتسوشیتا"، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە گووتی : توێژینەوەکان پیشانی داوە کە جگەرەکێشان جگەلەوەی دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی خوێنبەرەکان و جەڵتە ، لە هەمانکاتیشدا نەخۆشیی خوێنبەرەکانیش جەستەش زیاتر دەکات . ئەو کەسانەی کە زیاتر لە پاکەتێک جگەرە دەکێشن بەرێژەی 5.4لەسەدا زیاتر تووشی گرژبوون گیرانی خوێنبەرکان دڵ وتووشبوون بە جەڵتە دەبنەوە .بە ووتەی توێژەران ، نەخۆشیی خوێنبەرەکان بریتیت لە گردبوونەوەی چەوری و کۆلسترۆل لە بەشی کۆتایی قاچەکان ، کە دەبنە هۆی ئەوەی هاتوچۆیی خوێن کەم ببێتەوە و ئێش و ئازاری قاچەکان زیاتر ببێ و هەروەها برینەکان وباقی نیشانەکانی تر زۆر لە سەر خۆ سارێژ بێن . کاریگەری جگەرەکێشان جگە لەوەی دەبێتە هۆی زۆربوونی مەترسی نەخۆشی خوێنبەرەکان بەڵکو بۆماوەیەکی زۆریش ئێش وئازاری قاچەکان دەمێنەوە .



هەماهەنگی زیاتر لەنێوان یانەی خانزاد و فێرست ساترەی هەنگاری

هاوار مورتکەیی

لەمیانی ئەو هەوڵانەی یانەی شەترەنجی خانزاد ئەنجامی دەدات لە پێناو فراوانکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لەگەڵ ئەکادیمیا و پەیانگا نێودەوڵەتییەکانی شەترەنج، نوێنەری ئەو یانەیە لە هەنگاریا لەگەڵ پەیمانگایەکی بەناوبانگی نێودەوڵەتی کۆ دەبێتەوە.

شوان عوسمان سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی هەولێر و نوینەری یانەی شەترەنجی خانزاد لە بۆداپستی پایتەختی هەنگاریا لەگەڵ لازلۆ ناجی Nagy Laszloبەرێوەبەری پەیمانگای نێودەوڵەتی فێرست ساترەی First Saturdayکۆبوونەوە، لەو دیدارەی نێوانیاندا گفتوگۆ لەسەر هەماهەنگی زیاتری نێوان یانەی خانزاد و پەیمانگای فێرست ساترەی کرا، بەتایبەتیش لە بەرزکردنەوەی ئاستی شەترەنجزانانی کوردستان و هەروەها ناوبژیوانانیش.



هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دوای نزیکبوونەوەی یەکتری لەسەر پێشنیارەکان، بڕیاردرا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو هەنگاوانە بچنە واری جێبەجێکردنەوە و هەروەها پەیوەندی و کۆبوونەوەکان زیاتر بەروە پێش ببردرێن.

جێی باسە پاڵەوانێتی فێرست ساترەی هەموو شەمۆی یەکەمی مانگێک پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی شەترەنج ئەنجام دەدات و بەردەوام چەندین گراندماستەری جیهانی بەشداری تیادات دەکەن و تا ئێستاش لە ئاکامی ئەو پەویەندییەی نێوان یانەی خانزاد و فێرست ساترەی چەندین شەترەنجزانی کورد بەشداری ئەو پاڵەوانێتییەیان کردووە.

مێسی بە خوانەکەی رۆنالدۆ رازی بوو

لیۆ مێسی ئەرژەنتینی ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بەداوەتەکەی بۆ خوانی ئێوارەیەک کە کریستیانۆ رۆنالدۆ ئاراستەی کردبوو.

مێسی دەڵێت: لەگەل رۆنالدۆ لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکان لە مۆناکۆ زۆر بەیەکەوە قسەمان کرد، ئیمە هیچ کێشەیەک لەنێوانماندا نییە، ئەگەرچی هاوڕێیەتیشمان نییە بەهۆی ئەوەی هەریەکەمان سەرقاڵین بە کاری خۆمانەوە.

ئەو داوتەی کە رۆنالدۆ خستیبە بەردەم مێسی بۆ ئێوارە خوانێک، دەنگۆیەکی زۆری نایەوە و یەکێک لە بەناوبانگترین چێشتخانەکانی لیتوانیاش ئامادەیی نیشندواوە کە ئەم خوانە لەخۆ بگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش پێشتر رایگەیاندبوو کە ئامادەکاری تەواو کراوە.



کۆمپانی: مان سیتی و لیڤەرپوول وەک ئامێزن کە بەسووتەمەنی کاربکەن

ڤینسیت کۆمپانی کاپتنی پێشووی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی دووپاتی کردەوە کە هەردوو یانەی لیڤەر پوول و مان سیتی باڵادەستی خۆیان بەسەر خولی ئینگلیزی زاڵ کردووە و ئەمەش بۆ چەند ساڵی داهاتوودا بەردەوام دەبێت.

کۆمپانی لەمبارەیەوە دەڵێت: بەرای من لەم کاتەدا زۆر ئەستەمە بتوانرێت رکابەری لیڤەرپوول مان سیتی بکرێت، ئەوان وەک ئامێزن کە بەسووتەمەنی کاربکەن، چونکە هەر یاریزانیکی ئەو دوو یانەیە دەزانن چی دەکەن و چیان دەوێت، کە ڕووبەڕووی هەر یانەیەک دەبنەوە، هەمووان پێشبینی بردنەوەی ئەو دوو یانەیە دەکەن، پێم وایە بۆ چەندین ساڵی دیکە هەر ئەو دوو یانەیە باڵادەست دەبن لە خولی ئینگلیزی.

خولێکی فێرکاری خلیسکانی سەربەفر بەڕێوەچوو



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

خولێکی خلیسکانی سەربەفر لەشاری هەولێر کرایەوە، خولەکە ماوەی یەک مانگی خایاند و زیاتر لە 25یاریزانی کوڕان و کچانی ئەو یارییە بەشداریان تێدا کرد.

حاجی ئاغا زراری بەرپرسی پەیوەندییەکانی سمایلاند لەبارەی ئەنجامدانی خولەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: ئەمەیان یەکەمین و دواهەمین خولی فێرکاری نییە بۆ یاریزانان و ئارەزوومەندانی ئەو یارییە دەکەینەوە، ئێمە ماوەی چەند ساڵێکە بەبەردەوامی بەهەوڵ وکۆششی هەموو لایەک خولی جۆراو جۆری وەرزشی و هونەری بۆ کچان وکوڕانی شاری هەولێر ڕێکدەخەین، مەبەست لەسازدانی ئەم جۆرە خولانە تەنها بەرەو پێشبردن و بایەخ و گرنگیدانە بەئاست و توانای گەنج و منداڵانی نێو شارەکەمان، بۆیە تا لە توانامدابێت هەموو ساڵێک خولی جۆراوجۆری وەرزشی بۆ گەنجان و یاریزانان ڕێکدەخەین.

هەروەها گوتی: لەڕێگەی کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە لەیاریيە جۆراوجۆرەکان تائێستا چەندین یاریزانی ئاست بەرز و بەتوانامان دروست کردووە و هەر هەموان دەتوانن بەشداری سەرجەم خول و پاڵەوانیەتیەکانی کوردستان و عێراق بکەن.

جێی باسە یاری خلیسکانی سەربەفر لەچەندین وڵات پێشکەوتنێکی یەکجار بەرزی بەخۆیەوە بینیوە، لەوڵاتی ئەمریکاش بەخۆشترین و سەرنجراکێشترین یاری سەیر دەکەرێت و هەموو ساڵێکیش لەم وڵاتە گەورەترین فیستیڤاڵی وەرزشی لەسەر یاری خلیسکانی سەربەفر بۆ هاوڵاتیان و وەرزشوانان ئەنجام دەدرێت.

ناوبژیوانان دان بەچوار هەڵە دەنین لە خولی ئینگلیزی



مایک رایلی سەرۆکی پیشەگەرانی ناوبژیوانانی ئینگلیزی دانی بەوەدانا کە کە لەوەرزی ئەمساڵدا تەکنیکی یاریدەدەرانی ناوبژیوانان (VARچوار هەڵەی زەق و بڕیاری هەڵەیان لە یارییەکانی خولی ئینگلیزی داوە.

رایلی کە سەرۆکایەتی ئەو پیشەگەرانە دەکات لە جێبەجێکردنی تەکنیکی قار لە ئینگلتەرا دەڵێت: پێویستە ئەو ڕاستەی بڵێین کە قار زۆر شتی بۆ وەرزش زیاد کردووە، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەیە کە دانی پیدادەنێین کە پێویستە ناوبژیوان لە بڕیارەکەی پەشیمان بوایەوە، هەروەها گوتی: ئەگەر سەیری هەر چوار گەڕی خولی ئینگلیزی بکەین لە وەرزی ئەمساڵ کە 227پشکنین و بەدواداچوونمان کردووە و دەرکەوتووە کە واقیعەکە شەش بڕیاری گۆڕێوە، کە پێویست بوو لە کۆی ئەوەدا 10 بڕیاری بگۆڕدرابایە.

مایک رایلی چەند نمونەیەکی ئەو هەڵانەی هێناوەتەوە کە ئەنجامی یاریيەکەی گۆڕیوە ئەویش ئەو گۆڵەی فابیان شیر لەگەڵ نیوکاسل بەرامبەر واتفۆرد تۆماری کرد دەبوایە لەڕێگای قارەوە ڕەتکرابایەوە.

خراپترین بەشداری ئەمریکا لە مۆندیالی باسکەدا

هەڵبژاردەی باسکەی ئەمریکی دووچاری هەڵەی دووەمی لەسەر یەک بووەوە لە جامی جیهانی باسکەدا کە لە چین بەڕێوەچوو، کە ئەمەش خراپترین کۆتایی ئەمریکایە لە میژوویدا.

هەڵبژاردەی باسکەی ئەمریکی لە میانی یاریيەکانی دیاریکردنی پلەکانی پێنج بۆ هەشتەمی ئەم پاڵەوانێتییە بەرامبەر سربیا بە ئەنجامی 87-89دۆڕا، کە ئەم دۆڕانەش تەنها دوای 24کاتژمێر بوو کاتێک بەرامبەر فەرەنسا دۆڕا.جێی باسە خراپترین ئەنجامی هەڵبژاردەی ئەمریکا لە کۆتاییەکانی باسکەی جیهانی لە پاڵەوانێتی ساڵی 2002 بوو کاتێک پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 15. Sep. 2019 No: (5827)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەند عەتا ئەحمەد: هەر ئاواز و تێکستێک کە ئەینووسم نایفرۆشم، چونکە حەزناکەم هونەر بە پارە بفرۆشرێت



خەبات:سولێن سلێمان

هونەرمەندی ناوداری کورد "عەتا ئەحمەد" لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ "خەبات"دەڵێت؛من لە سلێمانی لە دایکبووم خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم هەر لە سلێمانی تەواو کردوە، پاشان چوومە هەولێر لەوێ کۆلێژی ئاداب بەشی میژووم تەواوکرد، سەرەتای دەسپێکی هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی هەشتاکان ئەو کات ئێمە یەکەم گروپی موزیکی ڕۆژئاواییمان پێکهێنا ، کە گۆرانی لایف موزیکیمان دەگوت،کە لەچەند هونەرمەندێک پێکهاتبووین، هەروەها لە بارەی چونییەتی فێربونی ژەنینی گیتار دەڵێت"ئەو کات کەس نەبوو کە ئێمە فێری ژەنینی گیتاریکات، من چونکە زۆر حەزم دەکرد فێرببم زۆر هەوڵم دا لە کۆتاییدا فێر بووم، بە تێپەڕبوونی کات توانیم تێکست و ئاواز بنووسم ،لە گەڵ هەریەک لە هونەرمەندان(کەمال محمد و سالار مەحمود و بورهان محمەد) ، دواتر لە ساڵی١٩٩٣ چوومە دەرەوەی وڵات ماوەیەکی زۆر لە هونەر دابڕام، بەڵام حەزی من بۆ هونەر وای کرد دوبارە بگەڕێمەوە بۆ ئەنجام دانی کاری هونەری، چونکە ئەگەر مۆسیقا خۆت حەزت بۆی نەبێ ئیتر هەر چەند پشتگیرییش هەبێت ناتوانی بەردەوام بیت، دواتر یەکەم بەرهەمم لە ساڵی (٩) بلاوکردەوە، ئەو کات سی دی نەبوو بۆیە بە کاسێت بڵاومانکردەوە، لەگەڵ هەریەک لە هونەرمەندان: سالارمەحمود و کەمال محەمەد،کە لە (٩) گۆرانی پێکهاتبوو،


(٥) گۆرانییان تایبەت بە خۆم بووون،وە (٦) گۆرانیشی لە ئاوازی من بووون، دواترکاتێک لە دەرەوەی وڵات گەڕامەوە (٥)سی دی دیکەمان لە گەڵ کەمال محەمەد تۆمارکرد کە بە گشتی هەر (٥) سی دییەکە لە (٤) گۆرانی پێکهاتبوو،کە هەموویان خۆم ئاوازم بۆ دانابوون، هونەرمەند باسی هونەری دەکات و دەڵێت: هونەر لای من تەنیا حەز وخولیایەکە تا ئێستا هیچ داهاتێکم لە هونەر بە دەست نەهێناوە، چوونکە من لایف میوزیک ئەنجام نادەم ، هەروەها هەر ئاواز و تێکستێک کە دەینووسم نایفرۆشم بۆ بە دەست هێنانی داهات چوونکە حەزناکەم هونەر بە پارە بفرۆشرێت،بەڵام کەسانێک هەن بە هونەرییەکەیان توانیویانە داهاتێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن ، تا ئێستاش تێکست و ئاوازم بۆ زۆرێک لە هونەرمەندان داناوە وەک (حەمید عوسمان و هەڵۆتست و کەمال ومحەمەد و سالار مەحمود و هونەری حەمە جەزا) زۆری تریش، تا ئێستاش بەردەوامم، لە ساڵی (١٩٨٦)گۆرانییەکم کە تایبەت بە خۆم بوو بە ناوی (خۆزگە) بڵاوکردەوە، دواتر گۆرانی(غوربەت) کەلە ساڵیڕ (٢٠١٦)بڵاومکردەووە، لە پرسیارێکدا کە ئایا بۆچی لە گۆرانییە دوێتەکانی زۆرتر لە گەڵ هونەرمەند سالارمەحمودا دەرئەکەوێت؟

لە وڵامدا دەڵێت:چوونکە ئێمە ستایل و شێوازی گۆرانییەکامان لێک نزیکە، وە هەردووکیشمان حەزمان بەو جۆرە ستایلەیە، من و هونەرمەند سالارمەحمود زیاتر لە(٩) گۆرانی دوێتمان پێکەوە هەیە کە یەکێک لە وانە گۆرانی (رۆژباش) کە لە ساڵی (٢٠١٤) کەتا ئێستا لە یوتیوب زیاتر لە(٣)ملیۆن بینەری هەیە، و یەکێک لە تایبەترین گۆرانییەکانی من گۆرانی (خۆزگە) یە کە زۆر تایبەتە لای من چوونکە پڕ بە دڵ گووتومە، لە پرسیارێکدا کە ئایا بۆچی ئێستا لەبواری هونەردا کەمتر دەردەکەویت؟

لە وڵامدا دەڵێت: من هونەر ناکەم بۆ ناوبانگ بوون یان بۆ بەدەست هێنانی داهات من تەنها وویستومە لە ڕێگەی هونەر خزمەتی میلەتی خۆمی پێببکەم، و تا ئێستاش خاوەنی (٥) ئەلبوومم ، هەروەها لە بارەی نوێترین بەرهەمی خۆی دەڵێت: بەم زووانە بە چەند بەرهەمێکی نوێ دەگەڕێمەوە، کە یەکێک لە وانە گۆرانی دوێتێکە لە گەڵ هونەرمەند سالار مەحمود کە لە تێکست و ئاوازی خۆمە، عەتا لەدوماهیدا دەڵێت: ڕێز و خۆشەویستیەکی زۆرم بۆ بینەرەکانم هەیە راستە ماوەیەکە بێ دەنگم، بەڵام بەم زووانە بە (٣) بەرهەمی نوێ دەگەڕێمەوە هیوادارم بە دڵیان بێت.



بە گرگرتنی ئەمازۆن سیپەکانی جیهان لەمەترسیدایە



چاپکراوی نوێ

یەکەمین فەرهەنگی کوردی-پۆلەندی لە پۆلەندا بەچاپ گەیەندرا

پرۆفیسۆریکی زانکۆی وارشۆ: ئەم فەرهەنگە لە نووسینی چەندین نامەی دکتۆرا گرنگترە

هاوار موردکەیی

یەکەم فەرهەنگی پۆلەندی-کوردی بۆ جاری دووەم لەچاپدرایەوە، بەڵام ئەمجارە لە وڵاتی پۆلەندا و لە چاپخانەی ئادام مارشالێک، کە بە پلەی یەکەم دێت لە نێو چاپخانە زانستییەکانی وڵاتی پۆلەندا بەچاپ گەیەندرا و کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە.

ڕێباز جەلال ئەحمەد نانەکەلی کە دانەری ئەو فەرهەنگەیە، ماوەی ٨ ساڵ زیاتر کاری لەسەر کردووە بۆ بڕەو پێدانی و دەوڵەمەند کردنی، لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی ئەم فەرهەنگەوە گوتی: فەرهەنگەکە لە ٨٣٠ لاپەرە پێک دێت و زیاتر لە ٣٠ هەزار وشە لەخۆ دەگرێت، ئەوە بە یەکەم کاری لەو جۆرە دادەنرێت لە میژووی هاریکاری زانستی هەردوو گەلی پۆلەندا و کورد

ڕێباز کە ئێستا لە وڵاتی پۆلەندا نیشتەجییە، دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو کارە خزمەتێک پێشکەشی گەلی کورد بکات و مۆرکێک بەجێ بهێڵێ لەسەر زانستی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە پرۆفیسۆر ڤۆیچێخ ئۆژگا لە زانکۆی وارشۆ بۆ زانستەکانی ژیان لەبارەی ئەو فەرهەنگە دەڵێ: ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگە لە نوسینی چەندین نامەی دکتۆرا گرنگترە، ئەو فەرهەنگە بەردەوام هەموو لایەک سودی لێ دەبینێت بۆ هەمیشە دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ فێربوونی ئەو دوو زمانە.

هاکەرێک.. دەستی هەیە لە گۆڕینی ئاراستەی داهاتووی سیاسەیتی ئەمریکا!

ئەندازیار کێوان حسن

گومان لەوەدا نیە وڵاتی ڕوسیا پشکی شێری بەردەکەوێت لەسەر حاڵەتەکانی هێرش و هاککی ئەلیکترۆنی بۆ سەر وڵاتانی تری جیهان ، چ لەڕوی تاکە کەسیەوە بێت یاخود ڕێکخراوەی یاخواد حکومی، بەپێ تەواوی ڕاپۆرت و دیکیومێنتە تەکنۆلۆژیەکان گەورەترین و ترسناکترین هاککەرەکانی جیهان ڕوسین یاخود لە ناوچە جیاکانی ڕوسیا دەژین، چونکە بەپێی یاساو ڕامیاری هاککەرەکان بۆیان هەیە هەموو جموجوڵێک بکەن بەرانبەر بە ناوچە جیاوازەکانی جیهان لە دەرەوەی ڕوسیا..

"یفغینی بوغاتشوف " یەکێکە لە هاککەرە هەرە ترسناک و گەورەکانی ڕوسیا کە داواکاری یەکەم لەلایەن FBIەوە !! ناوبراو هاککەرێکی بەڕەگەز ڕوسیەو تەمەنی تەنیا ٣٣ ساڵە و لە سەر زوی ڕوسیا دەژی، دواکاراوی یەکەم لەسەر تاوانی ئەلیکترۆنی لەلایەن ئاسایشی نیشتمانی جیهانەوە، بەهۆی ئەنجامدانی گەورەترین کردارەکانی هاککردنەوە لەسەر ملیۆنان هەژماری بانکی لە ئاستی جیهان.دەرکەوتنی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ، وەزارەتی دادی ئەمریکی ئاماژەی بەوەدا کە ڤایرۆسێکی نادروست بڵاو کراوەتەوە لەلایەن "یفغینی بوغاتشوف " دەوە، کە ئەمەش کاریگەی کردووە لەسەر یەک ملیۆن و پینج سەد هەزار ئامێری ئەلیکترۆن و دزران و لەناوچونی ملیۆنەها دۆلار لە بەشە ئەژماری جیاوازی بانکە جیهانیەکان دا. ڤایرۆسەکە بە ناوی "یفغینی بوغاتشوف " بڵاو کرایەوە و بە ترسناکترین ڤایرۆس ئەژمار دەکرێت لە میژوی هاکک و سکیوریتی ئەلیکترۆنی دا. لە ئێستادا ناوبراو زۆرترین کاتەکانی لەناو بەلەمە تایبەتەکەی لە دەریای ڕەش بەسەر دەبات، ناوبراو خاوەنی زۆرترین داهات و ڤیلا و پاساپۆرت و ڤیزایەو . حکومەتی ڕوسیا چەندین جار ڕەتی کردەوە تەسلیمی دەزگا ئاسایشەکانی حکومەتی ئەمریکی بکاتەوە بە بیانوی ئەوەی کە ناوبراو تا ئێستە هیچ تاوانێکی ئەلیکترۆنی لە ناوەوەی ڕوسیا بە ئەنجام نەگەیاندووە، لە کاتێدا زۆرێک لە ناوەند و هەوالە تەکنۆلۆژیەکان هۆکاری دەسگیر نەکردنی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو لەگەڵ دەزگای هەوڵگری و سیخوڕی ڕوسیا ئیش دەکات و یارمەتیان دەدات. بەپێی هەندێ ڕاپۆرتی جیهانی ئەوە پشتڕاست دەکرێتەوە کە ناوبراو دەستی یەکەمی هەبوو لە هاککردنەکانی سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکاو ، دەستی تەواوی هەبوو لە گۆڕینی ئاراستەی داهاتووی سیاسەیتی ئەمریکا، بەم هۆکارە دەزگای ئاسایشی FBI ئەمریکی بڕی ٣ ملیۆن دۆلار دەبەخشێت بە هەر کەسێک کە شوێنی زانیاری تەواوی ناوبراو ئاشکرا بکات ..

